کاریگەریکانی شۆشی ئۆکتۆبەر لەسەر ڕژێمە داهاتی نوێن ... گەران هەڵبژێی

هەر ووداوێکی مەزن لە هەر کوێی گەی زۆی ووبدات ، بەگومان لە کایە جەواجەرکاندا گۆانکاری بەدووی خۆیدا دەهێنیت ،ئیدی چ لە خودی ژینگەی ووداوەکە یا لە دەرەوی ئەو ژینگەیەبێت . زۆر جار ئەم کاریگەریە پەلی هاوێشتوە بە نیو نەتەوەو خەڵک و دەڤەرکانی جیهان .

شۆشی ئۆکتۆبەری مەزنی ووسی کە بەڵشەفیکان هەڵیانگیرسان و لینین داینەمۆ و سەرکردەی بوو، حکومەتی کاتی و ژمی قەیسەری بنەماڵەی ڕمانۆفی لەبن هەڵتەکاند و بە هەتاهەتایە لەسەر شانۆی دەسەڵات دووری خستنەوە ،وە حیزبی بەڵشەفی دەسەڵاتی گرتە دەست و حکومەتی شوراکان دەستبەکار بوو .

وەک چۆن [جۆن ڕید] نووسەری ئەمریکی لە کتێبە بەناوبانگەکەیدا بە نەوی {10 ڕۆژ جیهان لەرزی} ،لە ڕاستیشدا هەروابوو ،ئەو شۆشە جیهانی هەژاند و سەرمایەداری جیهانی خستە ترس و لەرزەوە ،هاوکات نەتەوە و چینە ژێردەستەکانی هەشیار کردەو بووە داینەمۆی تەکۆشان و ئاراستەی کردنیان، بەتایبەتی چینی کرێکارو جوتیاران.
ئەوەی گرنگە ئاماژەی پێبکەم ،ئەوەیە کە لە ماوەیەکی کەمدا هەوا و کاریگەری ئەم ووداوە مەزنە گشتە زەربەی دەڤەرکانی جیهان.

هەر بەیەش زۆری نەخایاند لە ژێر کاریگەری ئەو شۆشەدا لە کیشەرکانی جیهاندا ئەحزاب و بزافی مارکسی وچەپ دروست بوون.

بەگومان نزیکترین دەڤەر کە کاریگەری ڕاستەو خۆی ئەو شۆشەی لەسەر بوو کیشوەری ئەورپا بوو ، کە بە هەیەوە لەزەربەی وڵاتاندا حیزبی کۆمۆنیستی هاتنە دامەزراندن، یا خود ئەوانەی کە هەبوون لە ژێر ئەو کاریگەریدا گۆڕیان کرد و ڕێگیان لەسەر شانۆی سیاسی زیادی کرد .

گەرکەمە لەڕدا زیاتر تیشک بخەمە سەر کاریگەریکانی شۆڕشی ئۆکتۆبەر لەسەر گەلانی ڕۆژهەڵاتی نوێن ،کە بەگومان بەدەر نەبووە لە گشتنی پریشکی ئەو ووداوە مەزنە پێی..

دەمەک ئەو شەرشە ووویدا زەربەی جیهانی یەکەم لە ژێر دەسەڵاتی دەوڵەتی عوسمانیدا بوو .بەهەی جەنگی جیهانی یەکەم و قەیرانە هەمەلایەنەکانی خودی دەوڵەتی عوسمانی ، ئەو دەوڵەتە لە دوا ساتەکانی تەمەنیدا دەژیا .

لەولاشەوە ئێران و بەشەکی بەرفراوانی خاکی دیکەی دەروبەری ئێران لەژیر دەسەڵاتی دەوڵەتی قاجاریەکاندا بوو.

نابێ ئەوە لە یاد بکەین کە لە سەرتای سەدەی ڕابردووەوە ،ئەفکاری تەنویری لەرحمی دەسەڵاتی دەوڵەتی عوسمانی ئایینی و گەندەڵیەوە لە هەندەک شوێن چەکەرەی کردبوو ،ئەویش بە هەی چەوساندەوە و جەرهاقەیرانەوە.
بەڵام ئەمانە زیاتر لە هەوڵدانی تاکەکەسی و گرووپی بچوکدابوون و نەبوونە بزافی ڕێکخراوەیی کاریگەر .

ئەمانەش چەند نمونەیەکن لەو هەوڵ و شەڕش و سەرهەڵدانانە:
* شەڕشی مەشروتیە لە تورکیا دژی سوڵتان عەبدولحمید 1909
* شەڕشی دەستوری ئیران کە ساڵی 1912 دژی دەسەڵاتی قاجاریەکان
* پەیدابوونی حیزبی[ئیتحاد و تەرەقی]لە تورکیا 1912کە هەر هەمان حیزب پەشتر بە ناوی مەشروتیەکانەوە هەوڵی لادانی سوڵتان عەبدولحمیدیان دا.
پاشان ئەم حیزبە لە دوای کۆتایی هاتنی جەنگی جیهانی یەکەم ، بە تەواوەتی دەسەلاتی عوسمانی لاداو لە جیگەی دەسەڵاتێکی مەدەنی لە خاکی تورکیادا دامەزراند ،کەمال ئەتاتورکیش وەک سەرکردەیکی دیاری ئەو حیزبە دەسەڵاتی گرتە دەست.

دیارە ئەم بزافە مەدەنیەی تورکیا تا ڕادەیەک لای لینینیش قەبوڵکراو بوو، بەوەی کە دەسەڵاتێکی ئایینی دواکەوتووی وەک دەسەڵاتی عوسمانی لەناوبردو لە جیگەی دەسەلاتیکی مەدەنی دامەزراند . بەڵام لە ئاکامدا خودی ئەم دەسەڵاتەش بوو دەسەڵاتێکی سەرکووتکەرو دیکتاتەر و چەوسێنەر.

* شەڕشی عبدلرحمان کەواکبی 1902 مسر
* شەڕش یا بزافی محمەد عەبدە 1905 مسر

*سعد زغلول مسر 1918-1919 سەرتا دژی عوسمانیەکان وپاشان دژی ئینگلیزەکان خەباتی کرد.
سەعد زەغلول جگە لەوەی بەشداری لە شەڕشی عرابی کرد ،هەروەها جەمعیەی [تەڵەی] یشی دامەزراند و پاشان حیزبی وەفد .

شۆڕش و ڕاپەڕینەکانی دژبە ئینگلیزو فەرەنسیەکان

* شۆڕشی شێخ مەحمود لە کوردستان و نامەکەی شێخ محمود بۆ لینین ،لە ڕۆژگەی کونسڵی ڕوسیەوە لە تەبریز ساڵی 1922.
*شۆڕشی 20 لە عێراق[ثورة العشرین] و هەوڵدانی بۆک لە ڕووناکبیرەکانیان بۆ پێوەندیکردن بۆ شۆڕشی ئۆکتۆبەرەوە. لە ڕیگەی بەسرەوە.
* شۆڕشی پاشای ئاترش لە سوریاو لبنان دژ بە فەرەنسیەکان1925 .
دیارە ئەم شۆڕش و ڕاپەڕینانە بۆ ئیلهام و کاریگەری شۆڕشی ئۆکتۆبەر سەیانهەنەدا ، بەڵام نکولی لەوە ناکرێت کە شۆڕشی ئۆکتۆبەر هاندەریان بووە لە بەردەوام بوون لەسەر شۆڕشکانیان.

کاریگەری تاک و گروپە ڕووناکبیرەکانی دەڤەرەکە بە شۆڕشی ئۆکتۆبەر

دەتوانین کاریگەری ڕاستەوخۆی شۆڕشی ئۆکتۆبەر لە پەیدابوون و و بەرجەستە بوونی چەندین بزاف و گروپ و حیزبی چەپ و مارکسیدا هەست پێبکەین ،کە لە دوای شۆڕشکەوە بە چەند ساڵێک لە دەڤەرە جیا جیاکانی ڕۆژهەڵاتی نیویندا سەریان هەڵدا.

*ئەم کەسە ڕووناکبیرانە کە پاشان بوونە نەواتی زۆرێک لە حیزبە شوعیەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئەمانە متابعەکی بەردەوامی ئەو شۆڕشە بوون ، بەوەی ئەدەبیاتی شۆڕشگێران وەردەگێرایە سەر زمانەکانی خۆیان،هاوکات خۆیان بەو ئەدەبیاتانە ڕۆشنبیر دەکرد.
دەمێک هەنگاوی یەکەمیان بەرەو ڕووکخراوبوون لە حیزبەکی مارکسیدا نا، تا ڕادەیەکی لە ڕووی هزرو ڕێکخستنەوە ئەزموونیان پەیدا کردبوو.
چەند نمونەیەک

1. عێراق

چەنیەتی دروست بوونی شانە مارکسیەکان لە عێراق بە کاریگەری شۆڕشی ئۆکتۆبەرەوە
* سەرتا لە بەسرە چەند ڕووناکبیرێک لۆژە کاریگەری شۆڕشی ئۆکتۆبەردا شانەیەکی مارکسیان پێک هێنا ، لەوانە{عەبدولوهاب محمود، سامی نادر، زکریا الیاس}

* هەر لەو دەمەدا لە بەغداش چەند ڕووناکبیرێک هەمان هەنگاویان نا ، کەسە ناودارەکانیان بریتی بوون لە حسین رحال، مستەفا علی، محەمەد ئەحمەد مدرس،

* لە ناسریەش چەند گەنجێک پەیدابوون کە بە شێوەی ئەکتەبەر سەرسام بوون، وەک [یوسف سلمان یوسف-فهد، ئەحمەد جمالدین، و زوبید ناوەک] ئەم گرووپە دەستنووسەکیان دەردەکرد بە نیوی [الصحیفە] کە ناو بە ناو بڵاویان دەکردەوە .زیاتر هاوڕێ فهد سەرپەرشتی ئەم دەستنووسەی دەکرد .بە یەکەم جار دروشمی {ئەی کریکارانی جیهان یەکگرن} یان لەسەر ئەم بڵاوکراوەیە نووسی.

* ئەم حەلەقاتانە توانیان جەرگەها بلاو کراوە و کتێب و ڕۆژنامەی تایبەت بە شێوەی ئەکتەبەر بدەست بهێنن ،بۆتایبەتی بە زمانی فەرنسی و ئینگلیزی
.سەرچاوەی ئەم ئەدەبیاتە شوعیانە بەندەری بەسرە بوو کە بەردەوام کۆشتیوکانکانی ئەوروپی و وڵاتانی دیکە لەوێ لەنگەریان دەگرت و هەندیک لەو کۆشتیوانانەش هەواڵی شۆرش و ئەدەبیاتکانیان بەو ڕووناکبیرە عیراقیانە دەدا ،بۆتیابۆتی بەسراویەکان .

* هەروەها سەربازە هیندیەکانیش ئەوانەی کە لە نێو سوپای ئینگلیزدا بوون،
سەرچاوەیەکی باش بوون بە پیدانی زانیاری دەربارەی شۆرشی ئەکتەبەر .

* هاوکات لە سوریاشەوە بەقاچاخ ئەدەبیاتی مارکسیان پیدەگەشت،کەپەشتر لەلایەن مارکسیە سوریەکانەوە لە فەرنسیەوە کرابوونە عەرەبی.

* ئەو خەلیانەی ،بەغداد بەسرە ناسریە لە31.03.1934 دا لە قەوارەیەکی سیاسیدا بە نەوی[لیژنەی لە ناو بردنی ئیستعمارو ئیستثمار] یەکیان گرت. کە عاسم فلیح بووە سکرتێری ئەو قەوارە سیاسیە. ئەوبوو پاش ساڵێک ناوەکەی گۆڕدار بە [حیزبی شیوعی عەراق].

2. سوریاو لبنان

سەبارەت بە پەیدابوونی حیزبی شیوعی سوری و لبنانی، ناسر الحدەی مژوونووس دەڵێت: [بەهەی کاریگەری شۆشی ئەکتەبەری پرلیتاریای ڕووسیەوە ،بیرکەیەک لە ناو ڕووناکبیرانی لوبنانیدا پەیدا بوو کە قەوارەیەکی مارکسی دروست بکەن . ئەوبو ئەو قەوارەیان دروست کردو ناویان نا {دیموکراتە شۆشگەرکان} کە نمونەکەیان فرح انطوان، شبلی شمیل بوون.

* هەر لە لوبنان سالی ١٩١٩ ئەرمەنیەکانی ئەو بەتایبەتی ئەوانەی لە بەیروت دەژیان ،هاوبەندیەکیان پێک هێنا بە نیوی [عصبەسپارتاک] . هەبژاردنی ئەم ناوە بەهۆزو خۆشویستیان بوو بۆشۆرشی کۆیلەکان لەسەردەمی ئیمپراتۆریەتی ڕۆمدا ، بەسەرکایەتی سپارتاکەس ،ئەمانە شوعی بوون و ئیلهامیان لە شۆڕشی ئۆکتۆبەرەوە وەرگرتبوو . پاشان کە حیزبی شیوعی سوریاو لبنان دروست بوو ئەم عەسبەیش بوو بە بەشێک لەو حیزبە.

* لە هەمان سەردەمدا بەشێک لە شۆڕشگێرانی عەرەب لە دمشق کە خەیان بۆچوون دەناسان،گەنجەکیان دەردەکرد بە نیوی[الاشتراکیە} سالی 1912 .حلمی فتیانی سەرنووسەرو خاوەن ئیمتیازی بوو.

*هەر لەو دەمەدا هەندێک خوینکاری سوری و لبنانی لە فەرنسا دەیانخوێند ئەمانە لەگەڵی حیزبی شوعیی فەرنسیەوە کە ئەویش بەدەوری خۆی پەیوندی بە شۆڕشی ئۆکتۆبەرەوە هەبوو ،ئەو خوێندکارانە بەفکری مارکسی و بە شۆڕشی ئۆکتۆبەر ئاشان بوون و ئەم فکرەیان هێنایەوە بە لبنان و سوریاو لە کۆتادا ئەم گەنجانەش بوونە بەشێک لە حیزبی شیوعی سوریاو لبنان.

* بەر لە دامەزراندنی حیزبی شیوعی لبنانی و سوری، سالی 1919 سەندیکایەکی کرێکاران لە لبنان دروست بوو ، بە نەوی[یەکیتی گشتی کرێکاران] ڕۆژنامەیەکیان دەردەکرد بە نیوی [ڕۆژنامەی کرێکار] .هەر ئەم پێکهاتە کرێکاریە لە پاشاندا بووە بناغەی حیزبی شیوعی لبنانی و سوری کە لەگەڵ بزافە مارکسیەکانی دیکەدا یەکیان گرت .

* لە سوریاش سلیم خەیاط وەک مفکرێکی مارکسی، لەو کاتەدا چەندین بابەت و لێکۆڵینەوەی سەبارەت بە شۆڕشی ئۆکتۆبەر و مارکسیەت نووسیوە.

* بەر لەوەی حیزبی شیوعی سوری و لبنانی دابمەزرێت.
بەر لەوەی حیزبی شیوعی سوری و لبنانی دابمەزرێت، خالید بەگداش یەکەم مارکسی بوو لە ڕۆژهەڵاتی نوەن کە [بەیانی شیوعی} لە فەرنسیەوە وەرگرایە سەر عەرەبی .

*ئەو بوو لە ئاکامی یەکگرتنی ئەو گروپ و سەندیکاو کۆمەڵایتیە مارکسیانەدا حیزبی شوعی سوری و لبنانی سالی 1924 دامەزرا .
کەسە ناودارەکانی ئەم حیزبە بریتی بوون لە {چالاکوانی سەندیکا ،فوئاد شمالی،ڕووناکبیر یوسف ئیبراهیم، ، وە لەسوریاش ناسر حدە ،فوزی زعیم،سلیم خیاط،خالد بەگداش، }

* لە کۆنگرەی 6 ی کۆمنترندا [الاممیە الشوعیە] ساڵی 1928 فوئاد شمالی کە ئەمین عامی حیزبی شیوعی لبنانی بوو، وەک یەکەم شیوعی لە ولاتانی عەرەبیەوە بەشداری کرد .

3. مسر

* شاری ئەسکەندەریەی میسر کە هاوکات بەندەریکی بازرگانی جیهانیەو تاڤژی ئەڤش هەر وا ماوەتەوە . کەمێک گەنجی ووناکبیر تامەزرۆی زانیاری بوون دەربارەی شۆرشی ئۆکتۆبەر ، بەیە زەر جار دەچوونە بەندەرەکەو قسەیان لەگەڵ ئەو کەشتیوانەن دەکرد کە لە روسیا یافەرنسا یا بەریتانیەوە دەهاتن ئەوانیش هەرچی زانیاری یا کتێب و ڕۆژنامەرو نامیلکە هەبوو بەزمانە جیاجیاکان نووسرابوون،دەیانبەخشیە ئەو گەنجانە .

*ئەوە بوو لە ساڵی 1922 حیزبی شیوعی مسری لە ئەسکەندەریە لەو گەنجانە درووست بوو کە کەسە دیارەکانی لەوسەردەمدا بریتی بوون لە {جوزیف روزنتا،حسنی الاعرابی،انطوان مارون، پاشان تەنزیماتەکانی قاهرە وباژەرەکانی دیکەی میسری گرتەوە.

4. تورکیا
دامەزراندنی حیزبی شیوعی لە تورکیا 1921

* مستەفا سوبحی بە دامەزرێنەر و سەرکردەو شۆشگێری حیزبی شیوعی تورکی هەژماردەکرێت.
ئەم کەسە سەرەتا کاری ڕۆژنامەگەری کردوە ، پەیامنێری چەندین ڕۆژنامەی تورکی بووە بەتایبەت دەمیک لە پایس بووە ،کەسێکی ووناکبیر و ئابوریناس بووە .

*ساڵی 1913 بەوە تاونبار دەکرێت کە ئەو محمود شفیق پاشای کووشتوە .
بەیە بە 15 ساڵ زیندانی حکوم دەدرێت .
لە زیندان ڕادەکات بەرەو ڕوسیا هەڵدێت .
* لەوە سالی 1915 دەبەتە ئەندامی حیزبی بەلشەفیک .
*هەر لەوە پەیوەندی لەگەڵ سەربازە تورکە یەخسیرەکاندا پەیدا دەکات بەڵکیان بە فکری مارکسیەت ئاشنا دەکات .
* دامەزرێنەری ڕێکخراوی سۆشیالستی چەپی تورک بوو ساڵی 1918

* ساڵی 1919 بەیانی شیوعی لە ڕوسیەوە وەرگەڕاوەتە سەر تورکی

* ساڵی 1919 بۆشداری لە یەکەم کۆنگرەی کۆمنترن کرد لە مۆسکۆ.

* ساڵی 1920 لە باکۆ لێگەڵ کۆمەڵێک تورکی نیشتەجێی ڕوسیا و ئازربایجان حیزبی شۆوعی تورکی دادەمەزرێنن ،کە جگە لە مستەفا سوبحی کە دەبێتە سکرتێری حیزبەکە ،کەسە دیارەکانیان بریتی بوون لە [ئەتهەم نەجات و ئیسماعیل هاکی]

* هەر دوای ئەوە لە باکۆوە 15 شیوعی تورک دەگەڕێنەوە بۆ تورکیا بۆ بۆشداری لە جەنگی ڕزگاریدا کە ئەودەمە کەمال ئەتاتورک دەستی پێکردبوو.
* بەڵام لەوە لە لایەن ئەتاتورکەوە محارەبە دەکرێن و ژیانیان دەکەوێتە مەترسیەوە ، بۆیە ناچار دەبن بڕۆو باکۆ بە باخڕێ بگەڕێنەوە ،لە ێیگا بە پلانی ئەتاتورک هەموو 15 کەسەکە کە لە کەشتیەکدا بوون نغرە دەکرێن کە سەرکردەی دیارکانی ئەو حیزبە بوون.
*ئەتاتورک بە ئەو مەسەلەیە وتبووی ئیمە پشتمان بە حیزبی کۆمنیست نیە ،گەر پیوستمان بێت خۆمان دروستی دەکەین . جا هەر واشی کرد ،حیزبەکی شیوعی ئەتاتورکی دروست کرد.

5. ئیران
دامەزراندنی حیزبی تودەی ئێران

حیزبی تووەدەی ئێران ێەکخراوەی سەرکیی چێپ بوو لە مێژووی هاوچەرخی ئێراندا. ئەم حیزبە لە ساڵی1920 لە تاران دامەزرا. بناغەدانەرانی بریتی بوون لە کۆمەڵێکی 53 کەسی لە چالاکوانانی چەپخواز و ناسیونالیستی ئێرانی وەکوو: سلەمان میرزا ئەسکەندەری، ئیرەج ئەسکەندەری، بزرگ عەلەوی، ئەحسان تەبەری، خەلیل مەلەکی، فەریدوون کەشاوەرز، عەبدولحوسەین نووشین و ڕەزا ئادمەنش. ئەمانە زەربەیان لە سەردەمی دەسەاتی قاجەریەکان و پاشانیش ژەمی شاهەنشاهی ئێرانیەوە ، لە زیندان بوون یا لەژێر چاودێریدا بوون. هاوکات نووسەر وەرگێڕی کوردیش محەمەد قازی یەکێک لە ئێندامانی حیزبی تووده بوو.
پێدابوونی ئەم حیزبەش دیسان پێیوستە بە ئەو هەوومەرجەی کە شۆشی ئەکتۆبەری تێدا ڕوویدا.
لەو دەمەدا و بە یەک دووسات هەواڵی ئەو شۆشە بە چەند جۆرێک گێشتە نەو بەک لە ڕووناکبیرانی ئیران ،بەتایبەتی خوێندەورەکانی زانگەی تاران. هەوالەکان لە ێەگەی ئازربایجانەوە دزێان دەکرد بە تاران ، ئەو هەواڵانە زیاتر دەمی یا نامیلکەی بچوک بوون کە پێشتر وەرگەڕابوونە سەر زمانی ئازەری و پاشان دەکران بە فارسی .

*سەربازە ڕووسەکانیش کە لە بەشێک لە خاکی ئەراندا بوون ، ئەمانە بەر لەوەی بەفەرمانی لینین لە ئێران بکشێنەوە، هەوالی شەرشی ئۆکتۆبەریان پیدەگەشت . ئەوانیش لە ڕێگەی خیانەوە دەیانگەیاندە ئەو ئیرانیانەی کە تامەزرۆی ئەو جۆرە هەواڵانە بوون.

کاریگەری شۆڕشی ئۆکتۆبەر لەسەر کورد ، بەتایبەت کوردانی باشوور

دکتۆر کمال مەزهەر لە کتێبێکیدا بە ناوی[کوردستان پاش جەنگی جیهانی یەکەم] لە بۆگەیەکدا ئاماژە بە نامەیەکی {مەجۆر سەن} دەکات کە حاکمی سەربازی ئینگلیز بووە لە سلیمانی .نامەکە ساڵی 1919 نووسراوە ،بە مندوبی سامی بەریتانی ناردوە لە بەغدا کە تێدا دەڵێت[لەڕە لە سلیمانی زۆرێک لە گەنجەکان بە ئاشکرا پڕپاگەندە بۆ شۆڕشی ئۆکتۆبەر دەکەن].

هەروەها ئەحمەد خۆجە لە کتێبەکەیدا بە ناوی {چیم دی} ،دەڵێت. چەند منوەرێک لە سلیمانی پەیدا بوون کە کاریگەرن بە شۆڕشی ئۆکتۆبەر ،وە بەاوکراوەیە دەردەکەن بە ناوی[پریسک یا پروشک] کە وەرگەراوی وشە ڕووسیەکەیە بە ناوی { ئیسکرا}.
ئەم قسانەی ئەحمەد خۆجە تا ئێستا لە هیچ سەرچاوەیەکەوە ڕاستی و دروستی نەسەلمێنراوە .بەڵام ئەوەی دکتۆر کەمال مەزهەر کە ئاماژەی بە نامەکەی میجەر سەن کردوە ، ئەو نامەیە لە ئەرشیفی بەریتانیدا بوونی هەیە.
لەمەدا بەمان دەردەکەوێت کە کوردیش کاریگەر بووە بە شۆڕشی ئۆکتۆبەر ،بەڵام ئەو کاریگەریە نەبووەتە بناغە بۆپەیدابوونی بزافێکی مارکسی ،وەک ئەوەی لە بەشێک لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی نوێندا ڕوویدا.

(شیعر و فەلسەفە) یان (فەلسەفە و شیعر) … ناڕە حەسەن

شیعر و فەلسەفە دوو چەمکن پەیوەندی بەهەز و تووندوتۆلیان لەگەڵ یەکدا هەیە ، زەرجاران وەک دوو هێڵی تەریب هەندەکجاریش پێجەوانە و دژ ، پەیوەندییەکە تا ئاستی ئەوەی ، هەندەکجار شاعیران بیرەکەی

فەلسەفی لە نێو شیعرکانییان بەرجەستە دەکەن ، یان هەندێک لە فەیلەسوفەکان بە زمانی شیعر بابەت و فەلسەفەکانییان دەنووسنەوە ، هەندێک لە نووسەران و ڕۆمانخوێنگەران هاوڕانین لەگەڵ ئەم پێوەندییەدا و پێیانوایە ، شیعر و فەلسەفە لە دوو کایەی تەواو جیاواز ئیش دەکەن و نابێت تێکەڵاوی یەکترییان بکەین ، بە مانایەک ، لەگەڵ بە (شیعرکردنی فەلسەفە) و یان (بە فەلسەفەکردنی شیعردا) نین .
ئەمە لەم وتارماندا ، هەوڵدەدین لە ڕووبەڕکی فراوان باس لە شیعر و زمانی شیعر و پێوەندییەکانی فەلسەفە و شیعردا بکەین ، لەم ڕاستایەش ، وەڵام بە زۆرێک لە پرسیار و ناڕوونییەکان بدینەوە . بۆ لەهەرشتێک ، شیعر مێژوویەکی دوورودرێژی هەیە ، لە سەردەمی (سەمەریەکان) دا ، (داستانی گلگامەش) ، وەک دەقێکی زۆر کۆنی شیعری بە فۆرمی ئیپیک نووسراوە ، دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی سێیەمی پێش زایین ، بەڵام بە بۆچوونی من ، مێژووی شیعر لەم بەروارەش کۆنتر و دێرینترە ، مێژووی شیعر / دەگەڕێتەوە بۆ مێژووی مرۆڤ ، پێش پەیدابوونی نووسین ، لەوکاتەی مرۆڤ توانای بیرکردنەوەی پەیدا کرد ، توانای ئەوەی پەیدا کرد ، لە ئاکامی بیرکردنەوە بە نێو خەیاڵدا ڕەبچە ، یان قسەبکات و گۆرانی بڵێ ، لەوکاتەدا شیعر پەیدا بووە .. بەڵام ، لەم وتارماندا کاری ئەمە ساغکردنەوەی مێژووی شیعر نییە ، لێرەدا واز لەم مێژووە کۆنە دەهێنین و لە یۆنانی کۆنەوە دەست پێدەکەین .. لە سەردەمی یۆنانی کۆن ، شیعر دوو جۆر بووە ،

یەکەم / شیعری ئیپیک
دووەم / شیعری لیریک

ئەم دوو جۆرە شیعرەش ، دوو جۆر لە فۆرمی شیعرین ، (ئیپیک) فۆرمێکە بەم جۆرە شیعرە درێژانە گوتراوە ، کە چیڕۆک و ئەفسانە و داستان و بەسەرهاتە تراژیدیاکان و مێژوویەکانی پێنووسراوەتەوە ، پێشەنگی ئەم فۆرمە شیعرییەش (هۆمیرۆس) بووە ، کە لە سەردەمی (سەرەتای سەدەی هەشتەم و تا ناوەڕاستی سەدەی نۆیەمی پێش زایین ژیاوە) باشترین دوو دەقی هۆمیرۆس (ئیلیادە و ئۆدیسە) ن کە بە فۆرمی ئیپیک نووسراون .. هەروەها (لیریک) / بەمجۆرە شیعرانە دەگوترێن ، کە ماموستا لەگەڵ هەستکان و غەریزەکانی مرۆڤ دەکەن . بە شێوازێکی ڕۆمانسییانە و بە زمانێکی سادە و لەزەتبەخش و ئیرۆسییانە ، بە هارمۆنی و مۆسیقایەکی هەست بزوێن .

پێشەنگی شیعری لیریکیش (ئارکیلۆکۆس و سافۆ و ئالکمان و ئالسیۆس) بوون ، (سافۆ) ژنە شاعیرێکی نۆداری شیعری لیریک و لە

مژووی شیعردا ، بە یەکەمین شاعیری (مە) دەژمێردرێ . دەتوانین بڵێین لەم سەردەمەی یەنانی کۆن ، سەردەمی زێڕینی شیعر بووە . زمانی شیعر لەم سەردەمدا ، زمانی فەلسەفە و مەعریفە و زمانی ئایین و بە کورتییەکەی / زمانی دەربڕین بووە .. لەم سەردەمدا ، شانۆگەری بە هەردوو جۆرەکانییەوە ، واتە (کۆمەدی و تراژیدییەوە) لە هەناوی شیعردا پێدا بوون .

ئەوتا هەردوو فەیلەسوفی ناودار (ئیپمادەکلیس و پارمێنیدس) ، لە سەدەی پێنجەمی پ ز ، بە شیعر بڕوونە فەلسەفییەکانییان دەربڕیوە و کاریگەرییان لەسەر شاعیرانەدا هەبووە ، بەڵام هەردووکییان لە بنەڕەتدا ، فەیلەسوف بوون نەک شاعیر ، هەروەها دوو کەسایەتی دیاری نەو فەلسەفەی کۆنی یونانی بوون ، بە نموونە ، (ئیپمادەکلیس) فەلسەفەکەی دەربارەی چوار پێکهاتەی سەرەکی گەردوونی بوون وەک / (زەوی ، هەوا ، ئاو ، ئاگر) لە هەمانکاتیش ، شیعرەکانی (هەمیرس و سۆفۆکلەس) ناوەڕۆکی فەلسەفییانەیان هەبوو ، هەر لەم سەردەمدا ، زۆرێک لە فەیلەسوفان قسەیان لەسەر شیعردا کردووە ، (ئەفلاتوون) لە ڕاستای بڕوونە میتافیزیکی و ئامیاریەکانیدا لە جۆهەر و چەنیەتی هونەر و شیعری کۆمیۆتۆ و قسەی لەسەر کردوون ، شیعری بەکردەیەکی لاسایکەرنەوە پێناسە کردووە ، بە بۆای ئەو / هەر هونەرێک مامەڵە لەگەڵ هەست و سۆزدا بکات ، مامەڵە لەگەڵ فیکر و عەقلدا نەکات ، بە هونەرێکی ئاست نزم پێناسەی دەکات ..! بەڵام (ئەرستۆ) بیرکردنەوە و تەوانینەکانی بە شیعر جیاواز بوون ، هەروەک لە کتێبی شیعر باسی دەکات ، ئەرستۆ پێیوانییە کەوا شیعر ، لاسایکەرەوە و کتومت کۆپی جیهانی دەرەوە بێت ، ئەگەر نا هیچ جیاوازییەک لە نێوان شاعیران و مژوونووسان نەدبوو ، مژوونووس ئەوانە دەنووستەوە کە ڕوویانداوە ، مامەڵە لەگەڵ ئابردوودا دەکات ، بەڵام شاعیر ئەو شتانە دەنووستەوە کە هەشتا ڕوویان نەداوە یان دەکرێ ڕووبدەن ، بەمانای / ڕووداوەکانی شاعیر بیریان لێدەکاتەوە یان دەیەوێ قسەی لە بارەیان بکات ، پەیوەندی بە کات و شوێنەوە نییە ، ئەمەش جیاوازییەکی ترە لەگەڵ مژوونووس ، دەربارەی ئەم تەوانینەی (ئەفلاتوون) کەوا ، شیعری لە ئاستەکی نزم بینیوە و بە کردەیەکی لاسایکردنەوەی داناوە ، بە جیا لەم جیاوازییانەی (ئەرستۆ) کە باسی کردوون ، شیعر بەم شێوەیە نییە کە ئەفلاتوون باسی کردووە ، ڕەخنەگرتن لەم جۆرە بیرکردنەوە ئەفلاتوونییە بە ژیان و شیعر ، دەمانخاتە بەردەم دوو ڕەهەندی جیاواز ، یەکەکییان / ڕەهەندی (ئەپۆلۆن) یە ، کە تەعبیرە لە خودای هونەرەوە و مەنتیقییەت و بە سیستەماتیککردنی

شتەکان ، کە ئەفلاتوون و زۆرێک لە فەیلەسوفیتر ، لایەنگریان لەم هەندە کردووە ، ئۆیتریان هەندی (دایەنسیزم) یین ، واتە خودای هونەر و لەزەت و خۆشی و بایەخندان بە عەقل ، ئەم هەندەش (فرەدریک نیچە) و زۆرێک لە فیلەسووفانی دوای نیچە ، لایەنگریان لەم هەندە کردووە .

بە نموونە / نیچە پاراستنی زات بە خراپترین شێوەی ویست دەزانێ ، ئەم زیاتر خوازیاری مرۆڤی سوپەرمانی و یاخی و خودان ویستی هەزە .. تەنانەت لە وانگەی (زەردەشت) یش ، هەگەی ژیان بەسەربردن لایەنگری لە چوارچێوەی مەنتیقی و ژیرانە و عەقل نییە ، بەڵکو کەسەکان ئازادن بە هەبژاردنی هەگەی ژیانی خۆیان ، ئەمەش بە مانایەک / هەڕەشاندنەوەی پاوەرەکان و سنووردانی عەقل و سیستەماتیکە .

(شیعر و داهێنان) پێویستییان بە کرانەوە و پچڕاندنی هەموو کێت و زنجیرەکانی بەها و نەریتە میراتییەکانە ، بە ئاوەی بێبی بە کەسێکی داهێنەر ، دەبێت خێت بەها و نەریت و هەڵفتار بە خێت بتاشی کە پچڕوانەی ئاوانەی پێش خێت بن …! هەروەها لەم وتارەمان وردتر باسی ئەم فاکتانە دەکەین کە ئەم بیرکردنەوەیە نا دروستانەی ئەفلاتوون هەتدەکەنەوە ، بە نموونە باس لەوە دەکەین کەوا ، شیعریش وەک فەلسەفە لەسەر بنەمای بیرکردنەوە ئیش دەکات و هەهێندی فیکری و مەعریفی لە پشتە . زۆرن ئەو فەیلەسوفانەی کاریگەریان لەسەر شیعردا هەبووە ، یان قسەیان لەسەر شیعر کردوەو باسی گرنگی و پێوەندییەکانی فەلسەفە و شیعریان کردووە ، یان زمانی شیعرییان بەکارهێناوە بە دەربەینی فەلسەفەکانییان ، ئەم فەیلەسوفانەش بە (فەیلەسوفی شاعیر) ناوبراون . یەکێک لەوانە (فرەدریک نیچە) یە . لە پێوەند بە شیعرەوە ، تایبەتمەندی نیچە جیاوازە لەگەڵ فەیلەسوفەکانی تر ، چونکە هەندێک لە فەیلەسوفەکان هەم شاعیریش بوون هەم فەیلەسوف ، واتە لەپاڵ فەلسەفە شیعریشیان نووسیوە یان سەرەتا بە شیعر دەستییان پێکردووە ، لەوانە (ماڕکس ، جان جاک ڕووسۆ ، ساموێل تەیلەر کۆلیرێج …) بەڵام نیچە ، لەگەڵ ئاوەی شیعریشی نووسیوە بەڵکو کتێبە فەلسەفییەکانیشی بە زمانی شیعر نووسیون ، بۆیە بە بەوای هەندێک کەس (نیچە لە زکماکەوە شاعیر بووە) واتە ، هەر بە شاعیری لە دایک بووە .

شیعر گەورەترین بەشی نووسینەکانی و تەنانەت فەلسەفەکەشی داگیرکردووە . نیچە زۆر بە ڕوونی درکی بەوە کردووە کە ، زمان چ سیعرێک و هەزێکی تیایە بە تایبەت زمانی شیعری ، بۆیە لە شوێنێک

دربارەی زمانی شیعری دەڵێ ، (زمان گەمەیەکی گەمژانەیە ، بەهەی زمانەوە مرۆڤ دەتوانێ سەما بەسەر هەموو شتەکەوە بکات) نەچە فەیلەسوفەکە ، ئامانجی بەرهەمهێنانی مرۆڤی باڵا بووە لە هەگەی ئیرادە و ویستی هەزەوە ، بەیە لە زەر شوێن پێ لەسەر ئەوە دادەگرێ و دەڵێ ، (من هاتووم هەواڵی مرۆڤی باڵاتان پێابگەیەنم ، مرۆڤی باڵا ئەو کەسەیە لە نەریتی باو یاخی دەبێت و خودان ئیرادە و هەزی کارای خۆی دەبێ ..) ئەمە هەشن بووە لای نەچە کەوا داهێنان بە کەسی لاواز و بێ ئیرادە ناکرێت ، کەسەکانی دیلی بەندی کەلتوور و ئایین و دیلی مرۆڤکانی تر بن .. لای نەچە بە ئەوەی ببی بە کەسێکی داهێنەر وا پێویست دەکات هەموو کێت و زنجیرەکان بپچڕێنیت ، ببی بە خێت و تەعبیر لە ویستی خێت بکەی ، هەموو شتێکی میراتی تووە هەبدەی ، خێت بەها و نەریت و هەڵسوکەوتار بە خێت دیاری بکەی ، خێت هەزی جوولێنەری خێت بی ، جوولە هەڵسوکەوتارەکانی خێت پچڕوانەی ئەوانەی پێش خێت بن ، بەمانایەک هەروەک دروشمێکی هەبوو کەوا (تەنها خێت بیت و ئەویتر نەبیت …!) چونکە / داهێنان وا دەخوازێ کە دنیاو جیهانێکی نوێ بخولقێنی .

نەچە لە کتێبی (ئا ئەمەیە مرۆڤ) دا دەڵێ ، (من لە هیچ شتێک لاسایی کەس ناکەمەوە ، گاڵتە بە هەموو ئەو مامۆستایانە دەکەم کە هەشتا فێرنەبوونە گاڵتە بە خەیان بکەن ، لەسەر دەرگای ماڵەکەم ئەمە نووسراوە …!) . نەچە وەک (شوبنهاوەر) ، کاری بە (فەلسەفەی ویست) کردووە بە تایبەت ویستی هەز .. چونکە (شوبنهاوەر) کتێبێکی هەیە بە ناوی ، (جیهان وەک ویست فیکرە) ، لەم کتێبەیدا پوختەی فەلسەفەکەی خۆی تیا باسکردووە ، باوەڕی وایە / کە عەقل ئامرازێکە بە دەستی ویستەوە ، لای ئەو / بوون لەسەر بنەمای حیکمەت و ئەزموون و مەبەستێک وەستاوە …!) ، بەیە نەچەش پێ لەسەر ئەم بیرکەی ویستە دادەگرێ و ئامانجیەتی ، تاکەکان خودان هەز و ئیرادەی خەیان بن ، کە ناوی ناون (مرۆڤی سوپەرمانی) یان (مرۆڤی باڵا) ، بەیە پەیوابوە ، دەسپێک و سەرچاوەی ویست و هەز لەسەر ویژدان و فیکردا شتێکی بنەڕەتی و جەوهەری شتەکانە .. یان بە بەوای نەچە (گرنکترین دەرکەوتەی ژیان ، لە تیەری داشتن لە هەگەی هەزی عەقڵ نیە ، بەڵکو (ویستە) ، ناوەڕۆکی ژیان ویستە ، ئەم ویستەش ویستی هەزە …!) نەچە پاراستنی زات بە خراپترین شێوەی ویست دەزانێ ، ئەو پەیوایە ، کەسێک بەدوای پاراستنی زات بێ ، خۆی لە قەرەی مەترسییەکان نادات و ژیانی پارەزگارانە هەڵدەبژێرت ، بە مانایەک / ئەو کەسانەی کە ، ناتوانن زنجیری کێت و بەندەکان تێکبشکێنن و بەهاکانی ئایین و

کلتوور و ئەو بەهایانەی بەزەر سەپێندراون بەسەریاندا ڕابمالن ، لە هەمانکاتیش ناتوانن وەک مرۆڤێکی باڵا خودان ویست و هەزی خۆیان بن …! بە کورتی پوختەی فەلسەفەکەی نێچە ئەوەیە کە ، (فەلسەفەی عەقڵکەی ئازادە ، فەلسەفەی ئاوەژووکردنەوەی بەهاکانە ، ئازادکردنی مرۆڤە لە هەموو کۆتوبەندێک و ئەخلاق و ئایین و مەعریفەی دەستاودەست ، فەلسەفەی نێچە بە دەنگێکی بەرز بانگەوازی ڕزگاربوون دەکات …!) ، ئەمانەشی هەمووی بە زمانی شیعر لە نەو شیعرەکان و کتێبە فەلسەفییەکانی دەربڕیوە ، بۆیە نێچە (فەیلەسوفی شاعیران و شاعیری فەیلەسوفان بووە …!) .

کتێبی (وەهای گوت زەردەشت) یەکێکە لە بەناوبانگترین کتێبی نێچە ، کە لە ساڵی ١٨٨٣ چاپکراوە ، کتێبێکە بە شێوەیەکی ئەدەبی ڕەخنەیی نووسراوە ، بە زمانێکی شیعری ناسک و پاراو ، لەم کتێبەدا چەندین بیرۆکەی گرنگی داڕشتووە ، کە وێنەی مرۆڤی باڵا و هەڵکشاوی کێشاوە ، ئەو مرۆڤەی لە دەستی کەت و زنجیری کۆمەڵایەتی و کلتووری و ئەخلاقی ڕزگاری بووە ، کتێبێکە نێچەی پێ دانا سرتەوە ، نێچە لەم کتێبەیدا هەروەک سەرچاوەکان دەڵێن ، خۆی وەک شاعیرێکی مەزن دەبینێت نەک وەک فەیلەسوفێک ، دەربارەی کتێبی (وەهای گوت زەردەشت) ، ئەدیبی گەورەی ئەڵمانیا (تەماس مان) دەڵێ ، (ئەم کتێبە باشترین کتێبە کە بە زمانی ئەڵمانی نووسرابێت) ، نەک تەنها کتێبکانی بەڵکو شیعرکانیشی پێن لە بیرکەی فەلسەفی و ئاوێنەیەکن بە ڕەنگدانەوەی تەز و بیرکردنەوەکانی خۆی ، بەڵام شتێکی گرینگ هەیە ، نێچە پرسیارە فەلسەفییەکان و ئایدیا و بیرکە شیعرییەکانی ، لە قووڵایی و هەناوی ژیان دەردەنێت و پێویستیان دەکاتەوە بە مرۆڤ و خۆشبەختی و بەختەوەرییەکانییەوە . دیارە نەک هەر لاڵای نێچە بەڵکو ، لای زۆربەی فەیلەسوفەکانی سەردەمی مەدەرن ، مرۆڤ دەبێتە ناوەندی گرنگیدان ، هەوڵدانێکە بە بە بەرهەمهێنانی سەربەخۆیی بیرکردنەوە و عەقڵی مرۆڤ .

دەرکەشانی لەژێر هەموو کاریگەرە دەرکییەکان ، دەکرێ ئەمەش بە یەکێک لە خاڵە هاوبەشەکانی نێوان شیعر و فەلسەفە حیساب بکەین ، کە دوایی دێینە سەر خاڵە هاوبەش و جیاوازییەکان ، لێرەدا چەند نموونەیەکی شیعری نێچە دەخەینە ڕوو و قسەی لەسەر دەکەین ، هەروەک لە کتێبی (نێچە فەیلەسوفێکی بەرزەفڕە) دا ، لە بەشی (پێنجەم) ، بە ناوی (نێتجە ، شاعیرێکی جیاواز دا) .. کە لە سەرەتا باسی شاعیربوونی نێچە و دواتر چەند نموونەیەکی شیعری هەناوەتەوە و ئەمە لێرەدا قسە لەسەر هەندەکییان دەکەین . هەر لەوێدا باسی ئەوە

کراوە کە ، نەجە شاعیرێکی جیاواز بووە و بە ستایلێکی جیاواز نووسیویەتی ، هەروەک مۆزوونووسی فەڕەنسی (ئالیکسیس ڤیلەنینکە) پێیوایە (نەچە ئیستاتیکای ڕووکەشی دەقی پێش وردیی مانا خستووە ، چونکە نەتجە بەرلەوەی فیلەسوف بێت ، بە پلەی یەکەم شاعیر بووە ، لە نێو نووسینە پڕخشانی و شیعرییەکانی داهێنانی سوریالییانەی کردووە ، بە تایبەت لە کتێبی (وەهای گووت زەردەشت) هێندە دوور دەڕوات ئێستەمە تەی بگەیت …! نەچە کەسێک بووە زەر قووە بیری کردەتەوە ، هەمیشەش بە زمانی ڕەخنەیەکی تووند نووسیویەتی ، تا ئاستی ئەوەی مەرگ بە خوداوەند دەخوازێ و ئەخلاق و ئایین و کەلتوورە دواکەوتووەکان ڕەتدەکاتەوە ، تا مردن لە نووسین ناکەوێت ، نەچە بە درێژایی ژیانی هەمیشە ئەوەی دووبارە کردەتەوە کەوا (هەشتا پێویستە بژیم ، چونکە هەشتا گرێکمە بیربکەمەوە …!) ، نەچە بیری لە هەموو سەکە و گۆشە و کەلێنەکانی ژیان و مردن کردەتەوە ، ئەوەی بە فەلسەفە دەرقەتی نەهاتووە بە شیعر قسەی لەسەر کردووە ، بەیە شیعر و فەلسەفەکەی بە یەک ئاراستە ڕەیشتوون . نەچە لە شیعری (مردن بەرزەکان) دا دەڵێت .

ئەوەی ڕادەپەڕێ ، پێویستە پەیدا هەڵدەین !
وەڵێ ئەو لە بەرزاییەوە ئەمە پەسەند دەکات ،
تاکو لە سەرووی پەسەندگرەوە بژیت ،
ئەو لە بەرزی دایە ئەو لەسەر دەرگای مالی منە ،
ئەو لە مالی من نیشتەجێیە ،
هەرگیز بە دوای کەس نەکەوتووم
لە سەرووی ئەمانەش ، قەشمەم بە هەموو مامەستایەک کرد .

ئەم شیعرە تا بڕێی شیعرێکی ناسکە ، نەچە بە زمانێکی شیعری ناسک و پڕ لە هارمۆنیا و ئیستاتیکایەکی جوان ، کرێک و ئامانجی بیرکردنەوە و فەلسەفەکەی خۆی دەخاتە ڕوو ، لەڕدا نەچە باس لە مردنی باپیرا دەکا ، ئەوانەی خودان هێز و ئیرادەی خۆیانن ، دەیانەوێت ڕاپەڕین بکەن و زنجیری دیلیەتی و ستەم بپسڕنن ، ئەو پێی وایە ئەوانە لە شوێنێکی بەرزی ژیان وەستاون ، ئەوانە هێندە بەرز و خۆڕاگرن ، بڕشکن لە ڕۆحی ئەو لە ماڵەکەی ئەو نیشتەجێن . ئەمان ئەو مردنە بەرز و خودان هێز و سەربەخۆیی و بیرکردنەوەی خۆیانن ، کە دوای هیچ کەسێک ناکەون و بەس خۆیانن و بەس ، ئەمان ئەوکەسانەن لە مامۆستاکانیان فێردەبن ، سنوور و تخوبەکان دەبەزێنن و لە ئاستێکی بەرز لە مردنایەتی و ژیان دەڕوانن .

هەروەها لە شیعری (جەسوور) دا دەڵێ ..

لە هەر کوێیەک بیت ، قووە هەکەن
بنەوان لە ژیرەوێیە ،
وازبێنە لە پیاوانی ڕەشبین با بچریکێنن
" دەزخ بەردەوام لە ژیرەوێیە " …!
لەرشدا وێنەی مرۆڤکی جەسوور و خاوەن هێز و توانایەکی لەبن نەهاتووەمان . بە دەکەشە ، ئەو مرۆڤانەی لە پێناو ئامانجە پیرۆزەکان مرۆڤی تەکەشار و کێندەرن ، ئەوانەی هەمیشە بە وریایەکی پڕایین و بە دید و بۆرچاو ڕەشنیێوە بەرەو لوتکەی ئاسە و ئامانجەکانییان دەکەونە ڕێ ، بەوچان و نەسرەوتن ، نەچە ڕقی لە مرۆڤی لاواز و ڕەشبینە ، ڕقی لەو کەسانەیە کە هەمیشە بە پاروە نانێک دەکەوزێنەوە ، نەچە لە شوێنێک دەبە (مرۆڤە لاوازەکان ، ئەوانەن بە مردن باشن ، شایستە بە ژیان نین) بەیە لەم شیعرەشدا دەبە (واز بێنە لە پیاوانی ڕەشبین با بچریکێنن) . دەزخ بەردەوام لە ژیرەوێیە ، مەبەستییەتی گەیشتن بە لوتکە و ئامانج ڕەنج و قوربانی دەوێت ، ئاگر و ڕووناکییەکان ، لە بنی بنەوەن ، قووەن دەبە لە هەکەتین بەردەوام بین ، دیارە وشەی دەزخ لەرەدا میتافەرەکە یان هەمایەکە بە ئاگر ، لە ئەفسانە و داستانەکانیش گەیشتن بە ئاگر هەمایە بە گەیشتن بە ئامانج و سەرکەوتن …!

نەچە لە شیعری (ئەوێیە مرۆڤ) دا دەبە …
بەبە ، دەزانم لە چ بنەچەیەکم ،
وەک بەسە تێنووم ،
هەڕەپە دەکەم و خامۆش دەبەم ،
هەرچییەک دەستی بە دەبەم دەبێتە نوور ،
هەرچییەک جێی دەهێڵم پشکەیە :
بە یەکوودو من بەسەم …!

بەگومان ، لە نەو بیری نەچە مرۆڤکان دەبە مرۆڤی بەرز و دیار بن ، خودان بنەچە و شوهرەتێک و ناوێکی پایەدار و بەرزییان هەبە ، ئەمەش ئەو مرۆڤانەن هەمیشە هەڕەپەی ژیانێکی بەرز و پاوپە لە بەختەوەری و دەستگەیشتن بە خەزگە و ئومێدەکانییانن ، وەک بەسە تێنووی بە ئەم جۆرە ژیانە ، وەک عاشق شەیدای ژیانێکی شایستە بە مرۆڤن ، ئەو مرۆڤانەی کە لەم شوێنە بەرزە بە ژیان و ئومێدە گەشکان و ئارەزووە جوانەکانییان دەوانن ، ئەوانەن دەست بە هەر چییەک دەبن دەبێتە نوور ، هەرچییەک جێدەهێڵن دەبێتە پشکە ، ژیان و دەوروبەر دەدرەشێننەوە ، چونکە وەک بەسە خاوەن نیگا و ڕوانین و دیدگایەکی ڕەشن بە ژیان . لەرەدا ، لە نەو بەرهەمە شیعری و

فەلسەفیەکانی نێچە ، هاوئاهەنگییەک و ئاوەزانبوونەکی گرنگی نێوان فەلسەفە و شیعر دەبینین ، کە هەردووك بە یەک ئاراستە تا ئەندازەی تەکەڵاوبوون ، فەلسەفە بە بەرگ و ڕوخساری شیعرییەوە ، شیعریش بە ناوەڕۆکی فەلسەفییەوە ، وەک ئاوەزی گیانەک بن لە دوو جەستەدا . نێچە بەم هەوڵانەی توانی شیعر و فەلسەفە زێتر لەک نزیک بکاتەوە .

(مارتن هایدگەر) یش یەکەکە لەو فەیلەسووفانەی ، قسەی زۆری لەسەر شیعر کردووە و گرنگی زۆری بە شیعر داوە . بایەخدانی (مارتن هایدگەر) بە شیعر و چاولێکردنی شیعر لەم ئاستە بەرزەدا ، لە ڕوانگە و تێڕوانینە بوونگەراییەکەی بووە بە بوونی مرۆڤ . چونکە لای (هایدگەر) ، شیعر / تەنها لایەن و پێکهاتەیەکی ئەدەبی و هونەری نییە بەڵکو ، شیعر ڕاستەوخۆ پەیوەندی هەیە بە بوونی مرۆڤەوە . ئەمەش بە هایدگەر گرینگییەکی زۆری هەبووە ، شیعر هونەرێکە زێتر مامەڵە لەگەڵ بوون و ناوەوەی مرۆڤ دەکات ، هایدگەر بە پشتڕ فەلسەفی و ئەنتەلۆژیەکەی خۆی لە زێر شوێن هانای بە شیعر بردووە بە تایبەت شیعرەکانی (هۆدەرلین) .. تا ئەو ئاستەی پێیوابووە کە شیعر دەتوانێ ڕاستی بوون دەربخات . پشتڕ ئەنتەلۆژیەکەی هایدگەریش هەروەک د. محەمەد کەمال لە کتێبی (هایدگەر و ئەنتەلۆجی شیعر) دا دەڵێ (پشتڕی ئەنتەلۆژی بنەڕەتی ، گەورەترین پشتڕی فەلسەفی هایدگەرە ، لە پەرتووکی (بوون و کات) دا ، کە بەدرێژایی تەمەنی ئیشی لەسەر کردووە . ئەم پشتڕیە لە شیکردنەوەی بوونگەرانەی مرۆڤەوە بە میتۆدێکی فینۆمینۆلۆجیانەی هەرمینیوتیک دەستپێدەکات ، تاکو لەوەوە لە تێگەیشتن لە بوونی مرۆڤەوە (بوون) بە گشتی بگات .
شیعر ڕەنگدانەوەی یان ئاوێنەیەکە بە دەرخستنی ناوەوەی مرۆڤ .. شیعر لەنەو پانتایی خەیاڵی مرۆڤ لە ژێر کاریگەری غەریزەکان و هەستەکان و خەونەکان دەتە بوون ، غەریزەکان و هەستەکان و خەونەکانیش ، ڕەنگ و شێوەی مرۆڤ وەسم دەکەن ، مرۆڤکی تەکشکاو یان بەرزەفڕ ، یان ڕووخاو ، واتە مرۆڤ خۆی لە چوارچێوەی زەمەنکی دیاریکراو ، هەموو خەون و هەست و ئارەزووکانی مرۆڤ ، پەیوەستن بە زەمەنکی دیاریکراوەوە ، ئەم هاوکێشەیەش بە هایدگەر زۆر گرنگ بووە ، واتە مرۆڤ خۆی لەگەڵ کات ، یان بوون و کات . بەڵێ لای هایدگەر شیعر لە ڕیزبەندی هونەرەکان دا لە ئاستی هەرە سەرەوە بووە . چونکە لە توانای هەبووە ڕاستی بوون دەربخات . بەڵێ پەیوابووە ، شیعر وەک فەلسەفە بیرکردنەوەیەکی داهێنەرانەیە چونکە ، هەموو بیرکردنەوەیەکی فەلسەفی بە تایبەت بیرکردنەوە قووڵەکان ،

لە نەوەیاندا شیعرین ، هەروەها بەرهەمە شیعرییەکانی پێن لە داهێنان ، بەتایبەت سروودەکانی هێدرلین و شیعرەکانی دانتی و گۆتە و زۆرێک لە شاعیرانی تر ، خاوەنی ڕوانین و هزری بەرزن بەڵام فەلسەفە نین . هەموو ئەمانەش لە ڕۆگەی زمانەوە دێنە بوون ، بەیە هایدگەر دەیگوت (زمان ماڵی بوونە) .هەرچەندە لەسەردەمی مەدەرنە و لە بەرئەنجامی گۆشە و پێشکەوتنی تەکنەلۆژیادا ، مرۆڤ تووشی نامەبوون دەبێت ، نامەبوونێک تا ئاستی ئەوەی مرۆڤ هێستایەتی خۆی لەدەست بدات ، بە ئەم نامەبوونەی مرۆڤ هایدگەر کۆپلە شیعرێکی هێدرلین دەهێنێتەوە کە دەڵێ ..

ئەمە هەموو هەمایەکی نەخوێندراوەین
لە خاڵێکی بۆگانەدا
زمانەکەی خۆشمان بیرچێتەوە

دیارە هەر لەسەدەمی تەکنەلۆژیاوە مرۆڤ لە بەرئەنجای ئەم نامەیە تووشی قەیران دەبێت ، قەیرانی فکر و داهێنان و کوشتنی پرسیار .. لەگەڵ هەموو ئەم قەیران و نامەبوونەش هایدگەر پێیوایە (مرۆڤ شاعیرانە نیشتە جێ دەبێ) ، هایدگەر لەگەڵ ئەوە دایە ، هەموو کەس شاعیرانە بژی ، چونکە شیعر چاوساغی و ڕۆشناییمان دەداتێ بە ناسین و ڕاستی بوون ، هەروەها ژیانی شاعیرانە ، تەکنەبوونێ بە ڕووبەری گەردوونییەت و مانەوەیە بە تاهەتا ، چونکە زمانی شیعر هێزی ئەوەی تیایە بە ناسینی بوون و سروشتی مرۆڤ . هەربۆیە لای هایدگەر و لای زۆرێک لە کەسانی بیرمەند شاعیران وەک مرۆڤی گەورە یان وەک خوداوەندێک دێنە بینن ، بەڵام خودایەک لەسەر زەوی کە بیردەکەنەوە و بوونیان هەیە .

کاتێک هایدگەر پێیوابوو کە ، شیعر بەرهەمی بیرکردنەوەی داهێنرانەیە دیارە ئەمە لەخۆانەبووە ، شیعر زمانی خواداکان و پێامبەرەکانیش بووە ، زۆربەی کتێبە ئاسمانییەکان بە زمانی شیعر نووسراون ، یان زۆرێک لە حەدیس و وتەی بیرمەندەکان شیعری بوون . هەر لە پێیوەند نزیکایەتی شیعر و فەلسەفەوە ، شیعر پێکهاتەیەکە لە هەست و سۆز ، هەست و سۆزیش ڕۆهەندێکی دەروونییان هەیە ، بەیە دەروونزانی چی وەک فەلسەفە یان زانست ، پێیوەندییەکی بەهێزی لەگەڵ شیعردا هەیە ، ئەدەب و شیعر لای (سیگمەند فرێید) بەرهەمی هەستی بێئاگایین . بەیە لای وا بووە / شاعیران وەک منداڵ وان چونکە ، بەشە گرنگەکەی مەشکیان لەژێر کاریگەری نائاگاییدایە ، (فرێید) مەشکی مرۆڤی دابەشکردووە بە سێ بەش (من ، منی باڵا ، ئێد) ، (ئێد) ئەو بەشەیە ، تەواو لە ژێر کاریگەری

بەئاگایی‌دایە ، جلەو بە ئارەزوو و غەریزەکانی شل دەکات ، بە بە گوەدانە زروف و بارای مەوزوعی و دەرەوە ، لەگەڵ خەون و ئارەزووەکان و دنیای خەیدا ڕووبەڕوو ، مەشکی منداڵیش تەواو لەژێر کاریگەری ئەو بەشدایە ، شاعیرانیش بەهەی گرنگیدان و ئیشکردنیان لەسەر هەست و غەریزەکانیان تەواوی دەکەونە ژێر کاریگەری ئەو بەشی مەشک ، لە کاتی نووسینی هەر دەقێک ، باری دەروونی نووسەر ، لە ڕەگەی زمان و هەما و میتافەرەکاندا ، سایە دەکەشە بەسەر ڕووبەری دەقەکەدا ، بە خوێندنەوەی هەر دەقێک سایکۆلۆژیەتی دەق پێکهاتەیەکی گرینگە ، هاوکات سایکۆلۆژیەتی خوێنەریش لەم نەوەدا گاریگەری دەبێت ، بە مانای / هەر دەقێک دەبێتە پردێک لە نێوان ساکۆلۆژیەتی نووسەر و سایکۆلۆژیەتی وەرگر ، بۆیە هەندێک لە دەقەکان بە ماوەیەکی درێژتر لای خوێنەران دەمێننەوە و ئارامی و لەزەت و چێژێکی تایبەتییان پێدەبەخشن ، هەندجاریش پێیان دەکەن لە گومان و نیگەرانی و پرسیار .

هەروەها (جولیا کریستیڤا) ش لە پێناو هەوڵەکانی بۆ (شیکردنەوە سیمۆلۆجیەکەی) گرنگی زۆری بە شیکردنەوەی دەروونی داوە ، بە ئەم مەبەستەش ئیشی زۆری لەسەر شیعرەکانی (مالارمێ) و چەند شاعیرێکی تر کردووە ، ئەمەش لە کتێبەکانی (لە پێناو شۆڕشێک بە زمانی شیعری) و (خۆری ڕەش و) و حیکایەتەکانی خۆشەویستی) و چەند کتێبێکی تری ، بە ئاشکرا و بە ڕوونی دەبینرێن . لێرەدا بەمان دەردەکەوێت کە ، شیعر و فەلسەفە چەند لە یەکەوە نزیکن ، وەک دوو توخمی هاوتەبا لەگەڵدا یەکدا زەربەی کات تەریب دەدەن ، دوای پشاندانی ئەم ڕووبەڕە نزیکایەتییە هەوڵدەدین ، لێرە بەدوا ڕاستەوخۆ قسە لەسەر خاڵە هاوبەشەکانی نێوانیان بکەین لە هەمانکات ، خاڵە دژ و ناتەباکانیش .. بە نموونە / چی شیعر چی فەلسەفە ، هەردووک بوونێکی گەردوونییان هەیە و ناتوانین پێناسەیان بکەین . ناتوانین بازنەیان بە دەوردا بکێشین و لە چوارچێوەیان بدەین . هەکارەکەش ئەوەیە ، هەردووکیان لە ڕووبەڕێکی هێندە فراوان ئیش دەکەن ، ناتوانین لە یەک گۆشەوە بیان بینین و خوێندنەوەیان بۆ بکەین .

هەروەک لە کتێبی (سەرەتاکانی فەلسەفەی هاوچەرخ) دا هاتووە و دەڵێ .. (ناتوانین فەلسەفە پێناسە بکەین ، ئەمەش هەمای بۆ کەمال گەیشتنی فەلسەفەیە ، یان دەڵێ / دیاریکردنی پێناسەیەک بۆ فەلسەفە ، ئەمە سنووردارکردنی فەلسەفە دەگەیەنێت …!) . ئەم قسانە بۆ شیعر و بۆ مۆسیقا و بۆ عەشق و بۆ هەموو چەمکە گەردوونییەکان هەر

ڕاستە و لە ڕووی پێکهاتەییەوە هەمان بنیاد و بوونیان هەیە . خاڵێکی تر ، دەبینین زمان ئەو توخمە هاوبەشەی نێوان شیعر و فەلسەفەیە . زمان ئەو ڕووبەرە بەرین و فراوانەیە کە تیایدا ، شیعر و فەلسەفە یان مەعریفە و ئەدەب بە گشتی تیایدا گەشە دەکەن ، لە نێو ئەم ڕووبەرە ئەفسووناویەدا ، گێڕانەکان و داهێنانەکان و گەمە زمانەوانییەکان و پرسیارەکان دێنە بوون و گەشە دەکەن . زمان ئەم بنیادە بنەڕەتییەیە ، کە پێکهاتەیەکی سەرەکییە بۆ مەعریفە و کلتووری هەر نەتەوە و کۆمەڵگایەک .

دەتوانین ئاستی وشیاری و پێشکەوتنی هەر نەتەوە و کۆمەڵگایەک لە زمانەکەیەوە ببینین . زمان توخمێکی سەرەکییە بۆ دەرخستن و کرانەوەی دیو شاراوەکان و پێکهاتە ئاڵۆزەکانی مرۆڤ ، هەروەها پردێکە بۆ پەیوەندی غەریزە و بارە دەروونییەکانی ناوەوەی مرۆڤ بۆ جیهانی دەرەوەی خۆی ، یان ناوەوەی دڵ بۆ دنیای دەرەوە . لەرەدا دەبینین ، شیعریش وەک فەلسەفە ئیش لەسەر مرۆڤ دەکات ، یان پەیوەندییەکانی مرۆڤ بە شتەکان و هەبووەکانی دەرەوە وەک ، خودا ، سروشت ، کۆمەڵگە ، کەلتوور ، ئایین ، هەتادوایی .. ! خاڵێکی تر / پرسیار توخمێکی تری هاوبەشی نێوان شیعر و فەلسەفەیە . شیعر یەکێک لە ئامانجەکانی دروستکردنی گومان و پرسیارە لای خوێنەر ، یان زەرجاران ، لە ڕێگای پرسیارەوە مەبەست و ئامانجەکانی خۆی قووڵتر پێشان دەدات .

فەلسەفەش بە هەمان شێوە ، ئیش لەسەر پرسیار دەکات . هەر لە هەمان کتێب لە(سەرەتاکانی فەلسەفەدا) هاتووە و دەڵێ (فەلسەفە مانای بەردەوامبوون لە پرسیار دایە .. ، فەلسەفە لە بنەڕەتەوە لە ڕێگای پرسیارەوە دەبە بە فەلسەفە ، یان لە شوێنکی تردا دەڵێ / فەلسەفە بیرکردنەوەیە و بیرکردنەوەش وەوزاندنی پرسیارە … ، کەواتە فەلسەفە پرسی مرۆڤکانە لەسەر بابەت یان دەخێک تێنانەت ڕووداوێکیش …!) . هەروەک فەلسەفە ، پرسیار لە نێو ڕووبەری دڵ و زمانی شیعردا ، جێگا و شوێنکی گرنگی هەیە بە تایبەت ، لای قوتابخانە ئەدەبییەکانی سەردەمی مەدەرنەتە ، بە نموونە / لە ستایلی شیعری پێستمەدەرنی ، پرسیار پێکهاتەیەکی گرینگە لە پاڵ / پارادەکس و گەمەکردن بە وشە و تەواوی پێکهاتە و تەکنیکە شیعرییەکانی تر ، هەروەها لە شیعر و فەلسەفە دا ، مرۆڤ چەقی ئیشکردن و ناوەندی ئامانجە ، چی شیعر چی فەلسەفە ، لە پێناو مرۆڤ هاتوونەتە بوون .

لەگەڵ هەموو ئەم خاڵە نزیک و هاوبەشییانەدا ، دەبینین لە هەندێ

شۆن / فەلسەفە و شیعر ، دژ و ناتەبا دەنوێ ، یان بە دوو ڕێگای جیاوازدا دەڕۆن . بە نموونە شیعر ئاماژە بە بوون دەکات بەڵام ، شڕۆڤەی ناکات ..! یان لە توانایدا نییە شڕۆڤەی بکات . شیعر وەک فەلسەفە ناتوانێ لە بوون بکۆتێوە و قسە لەسەر دیوە شاراوەکانی بکات . هەروەک بە پێی بیرکردنەوەکانی (مارتن هایدگەر) شیعر وەکو فەلسەفە بیرکردنەوەیەکی داهێنرانەیە ، شیعر پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە زمانەوە هەیە ، کە شێوازێکی سەرەکی و گرنگە بە دەربڕینی ڕاستی بوون ، لەرەدا زێتر ئەوە دەبینین کە شیعر تەنها ئاماژە بە بوون دەکات ، بەدوای شڕۆڤە و سەلماندنی ڕاستییەکاندا ناگەڕێت ، زێتر ئەمە کاری فەلسەفە و زانستەکانن .. ئەمە گوتمان زمان ووبەر و توخمێکی هاوبەشە لە نێوان شیعر و فەلسەفەدا ، لە هەمانکات / ناوەندی دەربڕین و داهێنانەکانە . بەڵام ووشەکانیش وەک شڕۆڤە کردن و دەربڕینی ڕاستییەکان لە فەلسەفەدا ڕاستەوخۆیە ، واتە فەلسەفە دوور لە کەد و هەماکان بە زمانێکی ووت و ڕەوان لە شتەکان دەدوێت ، بەڵام شیعر لەسەر میتافەر و ئاماژە و هەماکان ئیش دەکات ، بە دیوێکی تر / دەتوانین بڵێین لە شیعردا دەربڕینی مەبەست و ئامانجەکان ناڕاستەوخۆن . ئەمە یەکێکە لەو جیاوازییە سەرەکییانەی نێوان شیعر و فەلسەفە ، بەیە ناتوانین هەردووک بکەین بە خاوەنی یەک شوناس . پرسیاریش ئەم توخمەیە جگە لە بووڕنی خاڵی هاوبەش لەنێوانیاندا بەڵام ، بەدیوێکدا دەتوانین هەر لەنێو ووبەری پرسیاردا ، جیاوازی لە نێوان شیعر و فەلسەفەدا ببینین چونکە ، شیعر وەکو فەلسەفە لەسەر پرسیار ئیش دەکات و پرسیار دەوەژێنێ ، بەڵام / بە دوای وەڵام بە پرسیارەکاندا ناگەڕێت …!

تەموزی ٢٠١٧

_____

_ سەرچاوەکان :

١/ کتێبی (سەرەتاکانی فەلسەفەی هاوچەرخ)
نووسینی / پرۆفیسەر مەحمود خاتەمی .. وەرگێڕانی / سەعید کاکی
٢/ کتێبی (نێچە فیلسووفێکی بەرزەفڕ)
نووسینی / حەیدەر عەبدوڵا
٣/ کتێبی (شیعر و ئەرستۆ) .. وەرگێڕانی / د. محەمەد کەمال
٤/ وتاری (هایدگەر و ئەنتەلۆگی شیعر) .. د. محەمەد کەمال
گۆڤاری شیعر ژمارە ١ ساڵی ٢٠١٦
٥/ دیمانەی ڕۆژنامەی (هاوڵاتی) لەگەڵ د. محەمەد کەمال / بەشی پێنجەم

٦/ کتێبی (philosophical classics) Editor By: James M. Russell
٧/ کتێبی (prominent Greeks of Antquity their Live and works)
٨/ کتێبی (Greek mythology and Religion)
٩ / چەند سەرچاوەیەکیتری ئینتەرنێت دەربارەی شیعر و فەلسەفە .

ئایا مەسعوود بەرزانی پێشمەرگەیە؟ ... کارا فاتیح

زۆر جار و لە بۆنەی جیاجیادا مەسعوود بەرزانی دەڵێت من پێشمەرگەم و هەمیشە جەخت لەوە دەکاتەوە کە خۆی بە پێشمەرگە دەزانێت، ئەمەیش زۆر کەس وەك سیاسەتکی دیماگۆجی تۆی دەگۆن، کە دەیەوێت لە ڕێی فریودان و جووڵاندنی هەستوسۆزی خەڵکییەوە، هەزی ئیقناع و ڕازامەندی و خۆشویستی لە پانتاییەکی زۆر و لە ئاستکی میللیدا بۆ خۆی ڕابکێشێ و بەهێز و مسۆگەری بکات، هاوکات دەی ئەو ئینسانەیش خۆش و بە ڕەگەکەی کە پێشمەرگایەتییە بەجێشتر بکات کە سەرکەکەی وڵائ و هەستی شانازیکردنی وا بە لای ئەوەوە، بەڵام پێی وایە ئەرك و لێپرسراوەتی و هەوە و خزمەتە زۆرکانی بواری پێ نادەن شەو لەگەڵ ئەم لە سەنگەردا ڕاڕز بکاتەوە و، گەرماوسەرما بچێژێت و پاسەوان بێت و شەڕ بکات، دژنا کردوونی و دژیانکات.

ئەم وتە هەمیشەییەی سەر زاری مەسعوود بەرزانی (من پێشمەرگەم و هەر پێشمەرگە بووم و هەتا مردن هەر پێشمەرگە دەبم.) لەوەوە وەك سیاسەتکی دیماگۆجی لەی دەڕوانرێت، کە زۆر کەس بە حەقیقەتی نازانێت و، جیاوازیی بەرزانی و پێشمەرگە وا لەك دەدەنەوە، پێشمەرگە ژیانی خۆی دەکات بە قوربانی، بەڵام بەرزانی هەموو شتك دەکات بە قوربانیی خۆی، پێشمەرگە بە هەی پێشمەرگایەتییەوە بەشکی زۆر یان هەموو خەشیی ژیانی لە حەرام بوە، بەڵام بەرزانی کە دەڵێ پێشمەرگەم، هەموو خەشیەکی ژیانیشی بە حەڵاڵ.
گەر پشتی ئەم وتەیی مەسعوود بەرزانی (من پێشمەرگەم و هەر پێشمەرگە بووم و هەتا مردن هەر پێشمەرگە دەبم.) بپشکنین، تە دگەین کە هەندیش فریودەرانە نییە و بەك حەقیقەتی تەدایە،

واتە بەڵێ ئاستە بەرزانی پێشمەرگەیە، ئەویش بە بەڵگەگەلی وەک:

1- ئایدیەلۆژیا: مەسعوود بەرزانی و پێشمەرگە خاوەنی ئایدیەلۆژیایەکن بە قەولی مارکس بریتییە لە هۆشیارییەکی هەڵە، مارکس لەردا میتافۆری ئاوژووکردنەوەی ئایدیاکانی دەوروبەر بە کار دەهێنێت، بە پێی ئەم تەفسیرە ئەوەی لە دونیادا ڕوو دەدات لە ڕێی هەڵسەنگاندن و تەسەورەکی خەیاڵییەوە دەشوێنرێن بە خراپی و هەڵە دەدرێنەوە بە دەرەوە، واتە ئایدیەلۆژیای بەرزانی و پێشمەرگە، هەزی مسۆگەرکردنی ئەزامەندیی کۆمەڵایەتیی نییە بە ڕێکخستنی تاك و پتەوکردنی پایەکانی سیاسەت و کۆمەڵگا و بەهێزکردنی مەعنەویەتی نەتەوە.

2- فیکر: مەسعوود بەرزانی و پێشمەرگە مرۆڤگەلێکی سیاسیی بە فیکرن، فیکر لای ئەمان لە کایەی سیاسەت کراوەتە دەرەوە یان هەر ئامادە نەبوو، بۆیە دەبینین تا ئێستا هیچ تێز و هزرێکی سیاسییان نییە و ناتوانین بڵێین ئەمانە کە سیاسین لە سەر ئەم فیکرە کار دەکەن و وەک زانستێك کاریان لەگەڵ سیاسەتدا کردوە، بۆیە لە مێژووی دوورودرێژی کار و بەرزکردنەوەی دروشمی جیاجیادا لە بارەی کوردایەتی و ناسیۆنالیزم و هەوەدان بە ئازادکردنی کوردستان و دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان، دەبینین شتێکی ئەوتۆیان نەکردوە و لە ناو بازنەیەکدا خولاونەتەوە، ئەویشی بە دەستیان هێناوە، هەموو ساتێك ئاگاری هاتنەویان بە سەر خاڵی سفر هەبوە و هەیە.

3- زمان: کە فیکر نەبوو یان لاواز بوو، بە گومان زمانیش توانای تەعبیری نامێنێت، زمان دەتوانێت لە سەر بنەمای فیکرێکی پتەو، لە واقیعدا ڕێنگدانەوەی هەبێت، گەر تەبینی بکەین مەسعوود بەرزانی کەم قسە دەکات، کە قسەیش دەکات، هیچی گرینگ ناڵێت و لە سەر ئاستی زمان توانای فەنتازیا و ئیستاتیکای نییە و ئەویشی دەیڵێت تەعبیر نییە لە فیکرێکی قووڵ، بۆیە قسەکانی جیا لە گوتنێکی بێ بەرهەم، زۆر جار لە ئاستی موخاتەبدا خرێکی موجامەڵەیە، بە نموونە لە کاتی بانە نیشتیمانییەکان و کەسوکاری شەهیدانەدا، لە ئاستی دەرەویشدا سەرقاڵی سازش و بە داواکارییە ڕەواکانی خەڵك بە بێڕێزی ناڕاست و چەواشەکاری و بە نەیارانیشی بە هەڕەشە دەڵێ گە، هەموو ئەمانەیش تەکڵا بەکارهێنانی زمانن لە سەر بنەمایەك کە فیکر تێیدا ئامادە نییە، بە هەمان شێوە پێشمەرگەیش توانای تەعبیر لە موعانات، بەرنامە و خەون و کاری خێی نییە، زمان بە پێشمەرگە هەندەك جار لە ئاستی کارساتدا دەبێتە گریان و لە خۆشییشدا

دەبێتە تۆقێی خەشی، لە دژبەینی داواکاری و مافەکانیشدا بە هەی بەکارهێنانی زمانەوە بەهای مرۆیی ڕەزی کەستیی خەی بە بادا دەدات، لە سەر تێڵەفزیۆن دەست دەکات بە گیرفانیدا و دەڵێت هیچ پارەم پێ نییە و منداڵەکانیشم لە سەر جادەن.

4- تێقدیسکردن و بوون بە باوك: مەسعوود بەرزانی لە ڕێی بوونی بە سەرۆکێکی نەتەوەیی بە بەدیلەوە بە هەی ئەو خەرمانەی تێقدیسکردنەی بەدەوریدا دەکەشرێت، دەبێت هەڵگری سیفەتی باوك وەك بەها و شوناس بە تایبەت بە شوێنکەوتوانی، پێشمەرگەیش وەك چەکدارێکی شۆشگێڕی نەر، بە هەی کوشتنی خەسڵەتی شۆشگێڕی لە ناو توژێ مەدەنییەکانی تری کۆمەڵگا و تواندنەوەی لە ناو خەیدا، دیسان لە ڕووی بنەما و شوناسەوە سیفەتی باوکێکی پارێزگار بە کەی توژەکان وەردەگرێت، ئەو تەوژانە هەموو ئێکتێکی شۆشگێڕیان لە هەر ساتێکدا وەك ڕەفتارێکی پێشمەرگانە لەك دەدرێتەوە، شۆشگێڕی و نەبەزیی پێشمەرگە، بەهایەکی بە شۆشگێڕیی گەنجان و خەباتی مەدەنیی قوتابیان و فیمینیستان و کرێکاران و...هتد نەهێشتوەتەوە، هەر وەك چەن عەقڵ و بیاری مەسعوود بەرزانییش هیچ بەهایەکی بە بیرکردنەوەی ئەوانی تر لە سەرکردایەتیی سیاسیی کورد نەهێشتوەتەوە، بەڵام ئەم باوکانە (بەرزانی و پێشمەرگە) باوکی وەهمی و ساختەن، پەیوەندیی سونبولی و ڕەحی و مەعنەویان بە ئایدیۆکی فشە و کۆرانە بەوانی ترەوە بەستوونیەتیەوە و بەها و شوناسیان ناجگیرن، بیە بیاری بەرزانی و شۆڕشکانی پێشمەرگە، خەشگوزەرانی و ئازادیی هەمیشەیی ناهەنن و لە بازنەی شکست و دۆڕان و قوربانیداندا دەخولێنەوە.

5- مەعریفە: پێشمەرگە شتێکی ئەوتە لە بارەی تەکنیکە نوێیەکانی شە و ئاستی پێشکەوتنی پیشەسازیی جەنگ و توانا و گەشەی چەکە نوێیەکان و بەکارهێنانیان نازانێت، ئەم جگە لەوەی توانای داهێنانی چەکە هەرە سەرەتاییەکانیشی نییە، بیە لە سەردەمێك و شوێنکی ترەوە هاتوە و تووشی واقیعێکی تازە بوە، ئێستایش بە هەی پێداهەڵگوتن و ئەفسانەسازی و باوەشکردن بە مەژوکێیدا کە وەهمییە، نایەوێت مەیدانەکە چەڵ بکات، ئەگەر چی دەزانێت بەو پلانانەی فەری بوە و فەر دەکرێت، بەو تەکنیکەی هەیەتی و ئەو تەکنەلۆژیایەی لە بەر دەستییەتی، مەدیلی ئەو شۆڕانە بە سەر چوە کە بەنیازە بیانکات، مەسعوود بەرزانییش هەرگیز پەیوەندییە دیبلۆماسییەکان و تێگەیشتن لە واقیعی دەرەوە لە بەر ڕۆشنایی زانستی سیاسی ناخوێنێتەوە و، ئاڕیزەکانی جیهانی هاوچەرخ بە دونیابینییە سادەکانی خەی لەك

دەداتەوە، بەیەکەوە بەرزانی و پێشمەرگە لە جەرگەی نەزانی بە سیاسەت و جەنگ لە ڕووی مەعریفییەوە هاوبەشن.

6- نەخوێندەواری: لای هۆشەبیر و ئەکادیمی و نووسەر و ڕۆژنامەنووسان نەخوێندەواری وەک جنۆکەیەک بە لەدان لە ئاستی نزمی مەعریفی و دونیابینی و تێگەیشتنی کەسێک بە کار دەهێنرێت، بەڵام بە مەسعوود بەرزانی و پێشمەرگە نەخوێندەواری ئەجگار هێندە سیفەتێکی خراپ و نزم نییە. نەخوێندەوارانی کەمەگا، ئەوانەی هەرگیز بە ڕاستی نەخراونەتە بەردەم دەزگاکانی فێربوونی خوێندن پەراوێز خراون، بەڵام بەرزانی و پێشمەرگە نەک پەراوێز نەخراون، بەڵکو لە لوتکەی هەرەمی گرینگیپێداندان، کە بەرزانی و پێشمەرگە بە پلەی دەزگاکانی دەوڵەتدا بە خوێندن سەر ناکەون، ئەوا بەم هەیەوە بە کوفر حساب ناکرێن، وەک کەمەگا بە خەڵکانی تری نەخوێندەواری دەڵێت، بەڵکو ئەو توانست و بەهرە و بەها هەڵهێنانەی هەر بە سروشتی لە مرۆڤدا هەن، لای ئەمان دەتەقنەوە و ناکۆنە بەر دەستاوێژی دەزگاکانی خوێندن، بەیەکەوە هەر دووکیان وەڵای نەخوێندەواریان دەبنە سەرچاوەی حیکمەت، توانست و بەهرەی خەڵسکی ئەوان دەبنە هۆنینی سوپەرمان، نەخوێندەواری لای ئەمان ئەو قۆناغەتە هەڵدەوشێنتەوە کە عەقڵ تەنها لە ناو ڕووبەری خوێندەواریدا کار دەکات، هەر بەیەکەوە ئەوانەی دەچنە ڕیزەکانی پێشمەرگەوە ئەوانن کە هەرگیز نەخراونەتە بەردەم خوێندن، یاخود تاکتاک و دەستەدەستە قوتابخانەکان بە جێ دەهێڵن.

7- کاریزما: بە هەی ئەفسانەسازی و تەقدیسکردنەوە لە زەینی تاکی کورددا، هەر دووکیان (مەسعوود بەرزانی و پێشمەرگە) جەرەک لە کاریزمایان بە دروست کراوە، ئەو زیادەڕۆییانەی بە قودرەتی کاریان کراوە نەک توانای بیرکردنەوە و هزراندنیان، ئەو کاریزمایەی پێی بەخشیون، کە کاریزمایەکی پراکتیکی بوو، نەک کاریزمایەکی تیۆری، بەیەکەوە بە هەی بەبەرمایی و ناپتۆییەوە لە هەندە دەخدا ئەم کاریزمایە دەکەوێت و ناتوانێت ببێتە فریادڕەس بە ئەوانەی ئومێدیان پێی هەیە، هەر وەک چۆن مەسعوود بەرزانی زەر جار دەکەوێتە بەر لەشاوی جنێو و سووکایەتیپێکردنەوە، پێشمەرگە وەک پیشەیەک هەندە جار لە ڕووی کەمەایەتییەوە لە خوار زەر پیشەی وەک دکتۆری، ئەندازیاری، بازرگان … هتد حسابی بە دەکرێت و تەنانەت زەر جار دەبنە سەرچاوەی نوکتە.

8- وەلائی خەڵکی: ئەگەرچی ئەمیان (مەسعوود بەرزانی) بانگەشەی سەرکەکی نەتەوەیی و ئەویان (پێشمەرگە) بانگەشەی فیداکار و

قارەمانێکی نەتەوەییان کردوە، بەناو هەردووکیان بە دژمنی خەباتگێڕ، سەرکی سەرکی پارتێکە و لەوپێشەوە هەر لە ناوکەیەوە وەلائی بە خەباتی خۆی هەیە، پێشمەرگەیش پێشمەرگەی حیزبێ، حیزبیش وەک ئاوێی کورد وەک بەکخراوێکی مەدەرن بە کاری نەهێناوە، هاوکات لە ناو حزبیشدا پێشمەرگە بە چەند دەستە و تاقم و شەخسیەتێك بە شێوەیکی هەرەمکی خۆی بەك خستوە، بەیە دونیابینی و سیاسەتکانی سەرك هەرگیز لە ئاستکی نەتەوەییدا مژدە و خۆشگوزرانییان پێ نەبوە و خوێنی ژاو و فیداکارییکانی پێشمەرگەیش لە ئاست خۆنی نەتەوەدا بە فیڕۆ چوە، زەر جار پێچەوانەی عەقیدە و پرەنسیپکانی خەیان کاریان کردوە، کە بە وتەی خەیان کە لایکیان ئێوی تریانی پێ تەماتبار دەکات، لە خیانەتدا بەرجەستە بوە.

9- مژووی ڕاستقینە: پێشمەرگە و مەسعوود بەرزانی هەر دووکیان لە مژووی ڕاستقینە بە بەشن، چونکە هیچیان خاونی تەمارکی ساف و بگەرد نیین، هەر دووکیان ئێوی هەیانە و ئێوی لەیانەوە باس دەکرێت، سیخناخە بە زیادەڕەوی و پڕپە لە موبالەغە، بەیە ئێوی هەیانە لە ئەفسانەوە نزیکە نەك مژوویکی ڕاستقینە کە ببێتە ئاوێنە بە لەخەوانین، ئیتر دەبینین هەمیشە لەگەڵ قەرغکردنی سیفەتکانی دانا بە بەرزانی و ئازا بە پێشمەرگە، پیاوی پە حیکمەت بە بەرزانی و نەبەرد و چەنگ و تکەشەر بە پێشمەرگە، دەسز بە بەرزانی و سەربەرز بە پێشمەرگە، هەمیشە ئەو سیفەتانیان بە هێی سوور تانیوە کە هەرگیز نەك قابیلی ڕەخنە نەبێت، بەکو قابیلی بیر لە کردنەوەیش نەبێت و وەك حەقیقەتکی ئەزەلی و ئەبەدی سەیری بکرێت، بەیە هەر کات لە ڕووی پراکتیکییشەوە لە ژیانی خەماندا بە پێچەوانەی سەدلەسەدی ئەم سیفەتانەوە لەگەڵ پێشمەرگە و بەرزانی ژیاین، هیچ کار لە پێگە و کەسایەتییان لە زەینی تاکی کورددا نەکات، چونکە ئەو کار و کردەوەی ئەوان لە ناو مژووی ڕاستقینەدا نییە ئەو هەزی بە دروست کردبن، بەکو بەپێچەوانەوە هەزکی وەهمی و ئەفسانەیی کەمەرەمك کردار و سیفەتی ئایدیالی بە جگیر و لە زەینی تاکەکان پتەو کردوە، واتە لەڕەدا کردار سەرچاوەی هەز نییە، بەکو هەزکی وەهمی بوتە بنەمای کردار.

10- خاکەتی و لەبوردەیی: سیفەتگەلکی مرۆیی ئەگەر وەك بنەما و پرەنسیپ لە ناوەوەی مرۆڤدا جگیر نەبووبن و نەبووبنە بەشك لە خەیاڵ و بیرکردنەوە و لە ناوی نەستی ئینساندا پتەو نەبووبن و دواتر لە کارەکتەر و کەسێتیدا ڕەنگ نەدەنەوە، ئەو سیفەتگەلە

مرۆیی تەنها دەبنە کەمێک دروشم و لە واقیعدا بە شێوەی سلبی هەڵدەگێڕنەوە، بە نموونە خاکەتی و لێبوردەیی لای پێشمەرگە دەبنە سیفەتێکی ناچاری و لای بەرزانی دەبنە نموونە بە مرۆڤێک کە ژیان و مردنی خۆکانی تری بە دەستە، بە پێشمەرگە دەبنە واقیعێکی داسپاو و بە بەرزانییش هەکارێک بە فریودان و سیاسەتی دیماگۆجی، ئەمیش تەنانەت نێک لە پێوەندیی کەمایەتی، بە نموونە سەردانی پرسە و ماڵە شەهیدەکان، تەنانەت لە جلل بەرکردن (جلی کوردی و جامانە) ڕەنگ دەدەنەوە.
دەکرێت سیفەتەکانی لایەکچوون و تەنانەت جیاوازییش درۆز بکرێنەوە و چەندین خاڵی تریش ڕەز بکرێن، بەڵام وەک بنەما قەناعەتم وایە ئەو وتەیەی مەسعوود بەرزانی (من پێشمەرگەم و هەر پێشمەرگە بووم و هەتا مردن هەر پێشمەرگە دەبم.) بەکی زەر حەقیقەتی هەڵگرتوە و ڕاستگۆیە، بە نا زەریش.

ئەو کەسەی دەستبەرداری ئازادیەکانی دەبێت لە پێناوی سەلامەتیدا؛ ئەوە لە کۆتایەکەیدا هەردووکی دەدۆڕێنێت

ئەو کەسەی دەستبەرداری ئازادیەکانی دەبێت لە پێناوی سەلامەتیدا؛ ئەوە لە کۆتایەکەیدا هەردووکی دەدۆڕێنێت
بنیامین فرانکلین ….

جوتیار

ئەوانەی کە گاڵتە بە دەنگی خەڵک دەکەن بە سەربەخۆیی؛ بێهودەترین کەسەکانی ناو دنیای
سیاسەتن، کەسانێک کە لە پەنجەی دەست تێپەڕناکەن خەریکە دەنگی

ملیۆنان ئینسان بخەنە ژێر پرسیار و گاڵتەجارییەوە؛ ئەوانە کەسانێکن کە ناخی لێوانلێویان لە حیقدو ڕقی ئیدیۆژی بەرامبەر نەیارە سیاسیەکانیان خەریکە وایان لێبکات دەنگی ئازادی و پێ لە ئیرادەی کۆمەڵگایەك بێ سەربەخێیی لە وەدا بچوکبکەنەوە کە پرسەی ئیفراندم چەتە خزمەتی تاکە حیزبو تاکەس کەسوەو بێ سەربەخێیی خەڵکی کوردستان نەبووە، من دڵنیام ئەگەر ئیفراندم وەکو پرسەکە لە ئەسەدا پاشەکشەشی پێکرابایە هەر ئەو خەڵکە بە هەمان شێوەی ئێستایان و بەهەمان دیدگاو زمانیان جارێکیتر دەکەوتنە خاڵیکردنەوەی ڕقوو هەڵچونە سیاسیەکانیان، ئەوانە ئەوندە لاوازن لە ئاست خوێندنەوەیان بێ ئیفراندم و چەمکەکانی و ئایندەی سەربەخێیی ئەو کۆمەڵگایە تەنانەت ناتوانن بڕوا بەوەش بکەن کە ئەو پرسەیە ئەنجامیش درابێ، بە هەموو تێگەیشتنیان پێیان وایە دەنگی خەڵك وەك نانی ناو تەندور سوتاوە؛ پێیان وایە دەنگی خەڵك بێ سەربەخێیی یەکسانبێتەوە بە سفر، ناتوانن لەو هاوکێشەیە تێبگەن کە خەلکی کوردستان دەنگی خۆی بە دیکۆمێنت کردوو تا ئەوکاتەی سەربەخێیی ئادەگەیەندرێت ئیتر ئەوە بەهێزترین بەڵگەی شەرعی دەستی ئەو کۆمەڵگایەیە کە دەنگیان دا بێ ئازادی و بێ دەرچونیان لە ناو تاریکایی شۆڤێنیزم و قەومچیەکانی ئیسلام .

16.10 با تەنها لە دوو وێنەدا بەراورد بکەین،

یەکەم وێنە:

تێ سەرکردەیەکی سیاسی ناپاك و ترسنۆك و خیانەتکار دەبینی کە لە سێبەری ملیۆنان دڵاردا پشوو دەدات و دەخەوێت، سەیرەای ئەوەش پێش زرپێشەکانی دوژمن دەکەوێت وجەلادەکان بە شمشێرەوە دەخاتە سەر ملی دایك و خوشك وبراکانی خۆی.

دووەم وێنە:

تێ کۆمەڵە هەژارێك دەبینی کە تا ڕۆژێك بەر لە مەرگیشی خەونی بەوەوە بینیوە منداڵەکانی بێ نان نەبن بێ سبەی، بەڵام لە سەنگەری بەرگریکردندا دەکەوێتە ژێر زنجیری زرپێشەکان و دەبێت بە سەدان پارچەو لە کۆتایشدا دەبێت لاشەکەی پشکنینی DNA ی بێ بکرێت تا ناسنامەکەی بناسرێتەوە.
ئەوە ئەو دوو وێنەیە بوو کە ئینسان دەتوانێت زۆر بە ئاسانی لە بەراوردکاریەکی ویژدانی و مۆراڵیدا لە یەکیان جیا بکاتەوە؛ ئەوکاتە مرۆڤ دەتوانێت زۆر بە ئاسانی بڕوا بەوە بکات کە ئیرادەی

خەڵك و تامەزرۆیی ئەو كۆمەڵگایە بۆ سەربەخۆیی هیچ هاوتایەكی نییە لە گەڵ خواستە كەسی و حیزبی و ئیدۆلۆژیكیەكان.

خەڵكی كوردستان پێاوپێبوون لە ئیرادە بۆیە سەلامەتی خۆیان كردە قوربانی ژیانكی سەربەخۆو پێ لە كەرامەت. ئیفڕاندم پەیامی ئیرادەیەكی زیندوو بوو بۆیە دەكرێت مرۆڤ قوربانیشی بۆ بدات.. هەڵپەساردن و هەڵوەشاندنەوەی ئاكامی ئیفڕاندم و ئەو جۆرە مەفاهیمانە لە قسەی هیچ وپوچی سیاسیە كۆن و داماوەكان شتێكیتر زیاتر نییە. ئەو خواستە تەنها دەتوانێت گوزارشت لە ئیرادەی وڕانی بزوتنەوەی كوردایەتی بكات نەك ئیرادەی سەرپێكەوتووی خەڵكی كوردستان بۆ سەربەخۆیی و ئازادی.

دەربارەی زەبروزەنگ لە دوونیایی ئێمەدا … هەژارقانع

زەبروزەنگ: لەسادەترین مانادا بریتیە لەهەر پشێوی و بەریەك كەوتنێك ، كە دەكرێت لە ناو تاكەكانی كۆمەڵگادا دوروست ببێت، ئیشی بنەڕەتی حكومەت و دام و دەزگا نیشتیمانیەكان ئەوەیە ڕێگری بكات لە دروستبوون و تەشەنەكردنی ئەم زەبروزەنگانە. بەڵام كاتێك دام و دەزگاكان نیشتیمانی نین و حكومەت كۆمەڵێك بازركان و جۆرێك مافیا و سەرۆك خێلەكان بەڕێوەی دەبەن، ئەمە ئەو چركەساتەیە ، كە دەزگا نیشتیمانی و نۆرمەكانی حكومەت، دەچنە خزمەتی سەرهەڵدانی زەبر و زەنگەوە.

شایەنی باسە لە دۆخكی وەهادا، حەیاتی ئینسان دەكەوێتە ژێر پرسیاری گەورەوە و مرۆڤ هەست دەكات كە زۆر بێ پشتوپەناو بێ كەسە. واتە لە غیابی نەبوونی حكومەتی نیشتیمانی و دەزگای نیشتیمانی و هیزی ئەمنی نیشتیمانیدا ، مرۆڤ بێ دەنیابوون لە ژیانی داهاتوی، ناتوانێت بێ پشتوو پەنا بەمانەتەوە، بۆیە بەناچاری پەنا بێ حیزبوو خێڵ و عەشیرەتەكان دەبات، بێ گومان ئەمەیش گەیانەوەی یەكجاریيە بۆ دۆخی هەڕ ویاسای دارستان.

من پێم وایە ئەمە دۆخی ئیستایی هەرێمی كوردستانە و لەابردوویشدا

هەر هەمان شێوەبووە.
بەواتایەکی تر هەرگیز هەرێمی کوردستان نەیتوانیوە بە دڵخۆشی ئاگواستندا تێپەڕێت، واتە لە دڵخۆشی حکومەتی خۆی و هێزی دارستانەوە بگوازێتەوە بۆ حکومەتی هاوپاتی و لە دەزگای شەخسی و حیزبیەوە بگۆڕێت بۆ دەزگای مەدەنی ونیشتیمانی.
ئینسان لەدوونیادا، لەهەر شتێك زیارت پێویستی بە حکومەتێکە، توانای مانۆپۆڵ و کۆنترۆڵی زەبر و زەنگی نا شەرعی هەبێت، لە پێناوی دابینکردنی ئاشتی کۆمەڵایەتی و ئازادی تاکەکەسی و سەلامەتی سەر و ماڵی هاوڵاتیاندا. بەڵام لەشەنسی هاوڵاتیانی کوردستاندا و لە سایەی یەکێتی و پارتیدا حکومەتی هەرێمی کوردستان، لەماوەی بیست و چوارساڵی تەمەنی خۆیدا، نەك نەیتوانیوە ڕێگربێت لە زەبر و زەنگی کۆمەڵایەتی و سیاسی ناشەرعی، بەڵکو خودی ئەو کەسانەی کە حکومەتیشیان بەڕێوە بردووە، بۆخۆیان بەشێك بوون لە دروستکردنی پشێوی و شەرعاندنی زەبروزەنگ لەڕێگەی حکومەتەوە.

دەربارەی زەبروزەنگی سیاسی

هەنگە تاکەشتێك لەدوونیای ئێمەی نەتوەی کورددا بەدرێژایی مێژووی نەتوەکەمان هەزارانجار توشی نەهامەتی و دەربەدەری کردبین بریتیبێت لە زەبروزەنگی سیاسی.
سیاسەت لەدونیایی ئێمەدا جگە لە زەبروزەنگی ڕووت، هیچ شتێکی تری بەرهەم نەهێناوە. ئێمە بەدەرەجەی یەك بەرهەمی زەبروزەنگی سیاسین، بۆگومان نابێت ئەوەیشمان بیر بچێت، هەموو ئەوانەی نوێنەرایەتی سیاسەتی کوردییان کردووە بەدرێژایی مێژوو سەرۆك خێڵەکان بوون یان هیچ نەبێت خاوەنی تێڕوانینێکی خێڵەکی بوون، لەسەردەستی ئەم سیاسیە خێڵە کیانە، لەکۆنەوە تاکو ئێستا دونیای ئێمەیان پێکردووە لە هەزاران جۆر زەبروو زەنگی سیاسی ترسناك.

زەبروزەنگی سیاسی لەنەوەدەکاندا میلەتی ئێمەی گەیاندە شەڕی نەگریسی ناوخۆ، بەوهێیەوە هەزارانمان لەیەکتری کوشت و سەدانمان لەیەکتری بەسەروشوێنکرد، ئێستایش هەندێك لەکەس و کارمان لەناو زیندانەکانی یەکێتی وپارتیدا دەناڵێنن،
سەرەڕای ئەو هەموو مەینەتیە گەورەیەیی کە شەڕی ناوخۆ بەسەرگەلەکەماندا هێنای، بەرگەمان گرت و ماینەوە پیمان وابوو کە شەڕی ناخۆ دەکرت لەتکەی زەبروزەنگی سیاسی بێت ، بەڵام دیسان بەداخەوە ، سەرۆك خێلەکانی کورد لێنەگەڕان ئەم میلەتە بێڵك بحەسێتەوە، شەڕی گەورەترین هیزی تیرۆرستی دونیاییان پێکردین کە

ئەویش(داعش) بوو لە بەرامبەردا ، گەورەترین دەزگای شەرعییان وەستان کە پەرلەمانی کوردستانە.

زەبروزەنگی سیاسی ئەمەی گەیاندە ڕادەیەك، نیوەی نیشتیمانیك بفڕشین کە هەشتا بەنی خوێنی شەهیدەکانی لێدەت، بە مژوو دەڵم ئەمە نەوەی میلەتێکین هەشتا پرسەی شەهیدەکانمان هەنەگیرابوو، هەشتا جلەکانی بەرمان ڕەش بوون، هەشتا فرمێسك لەچاومان دەچۆڕا، زەبروزەنگی سیاسی وایکرد ، سەرۆك خێڵەکانمان لەسەدا پەنجای نیشتیمانەکەمان بفڕشن .

ئێتیزمی سیاسی و مووچەی فەرمانبەران ..... حامی ئەحمەد عەلی

نزیکەی چوار ساڵە فەرمانبەرانی هەرێم دەبن بەقوربانی مل نەدانی پارتە سیاسییەکان بە مەرج و داواکاریەکانی حکومەتی ناوەند، فەرمانبەران لەنێوان بەرداشی لێدوانە بێکرداڕەکانی بەرپرسەکان و بەڵێنی هەردوو حکومەتی هەرێم و ناوەنددا بە چارەسەر ماونەتەوەو هێندەی تر بارودۆخی ژیانیان بەرەو خراپتر ڕۆشتوە، چاوەڕوانی ئەم بارودۆخە بەم شێوەیە مەرگەساتەو کاتکوشتن مایەی شەرمەزاری دەسەڵاتی سیاسی و بێگەنکردنی سیستەمی حکومڕانی چارەکە سەدەیەکی سیاسەتی حیزبی دەسەڵاتداڕە، بەخولقاندنی کێشە ئەفسانەیەکان و تاودانی یەکە کارگێریە خاوەن بڕیارەکان شەرعیەت بەپاوانخوازی و ناداد پەروەری کۆمەڵایەتی دەدەن، بەخوێندنەوەی ئەو شانامانەی لە دیوە خانەکانی حیزبەوە تەرجومە دەکرێن بە زمانی فەرمی حکومەت گەندەڵیەکانیان بەیاسایی دەکەن.

حکومەتی عێراق هەنگاوی جدیانەو سیاسیانەی نا بە پەرتەوازەکردن و لێکهەڵوەشانی کەی بونیادی کولتوری و سیاسی کوردستان دەستپێکی ئەم هەنگاوەیان بەبڕینی بودجەی هەرێم دەستی پێکرد، حکومەتی هەرێم دەبو بەهەرشێوەیەك بێت لەپێناو خەمی هاوڕاتیان هەوڵی جدی بدات بۆ ڕۆکەوتن بەڕام نەك هەر ئەم هەنگاوەیان نەنا بەڵکو بەهاش و هوشی

وەبەرهێنان و گرێبەستی نەوت خەیاڵی هاوڵاتیانی کوردستانیان گەیاندە کەشکەڵانی فەلەك، بەڵام ئەم قسانە بکردەو بێ بنەما بون زۆری نەبرد بەناوی قەیرانی دارایی و دابەزینی نرخی نەوتەوە هەرشی ئابوریان بەدەستی خۆیان بەسەر گیرفان و بژێوی گەورەترین توێژ کە فەرمانبەران بوو دەست پێکردوو ئەم جارەشیان خەکیان بەوە فریودا کە گوایە ئەم قەیرانە کاتیەوەو هەرزوو کۆتایی دێت، ئەمەشیان بەستەوە بەبەرزبونەوەی نرخی نەوت لەبازاڕەکانی جیهان.

بەڕاگەیاندنی لیژنەی ڕوبەڕووبونەوەی قەیرانەکان و بانگەشەی چاکسازی لەبری هەنگاوی کرداری درژەیان بەقەیرانەکەدا، تەنها بەلێدوانی بکردار وەڵامی خەکیان دەدایەوەو چەندین جار دووپاتیان دەکردەوە کەسیستەمی پاشەکەوتی موچە کاتیە، بەڵام نەك هەرکاتی نەبوو بەکو بوو بەنەخۆشی درژخایەن، لێرەوە پلانی داگیرکەران کەوتەر سەر سکەی خۆی لەناوخۆشدا هیچ بایەخێك بەناڕەزایی خەڵك نەدراو ئەو بەشداریە جەماوەریەی هاوڵاتیان و سەرجەم چین وتوێژەکان و ڕێکخراوە پیشەیەکان کەلەڕاستیدا بەکوالیتی پەرەسەندن و پێشکەوتنەکانی ئەوروپا بەڕێوە دەچون هێندە دیمەکراسی و مەدەنیانە بون گومانت هەبوو لەژینگەی ڕێژەهاتی ناوەند بێت، لەبری ئەوەی نمونەی ئەو عەقڵە پێشکەوتوەی خەڵك ببینە ناوەندی بڕیاردانەوە کەچی بەقسەی نەستەق و نوکتە ئامێز وەڵام دەدرانەوە، بەهەند وەرنەگرتنی کێبی ئەو چالاکیە مەدەنی پیشەیانەو ئیفلیج بوون لەچارەسەر و ئیدارەدانی کێشەکان بەمل ملانێی حیزبی و چەندەها تەفسیری تر بارودۆخەکەیان وەرگڕا بێ سەر زمانی بەرژەوەندی حیزبی و تایبەتی سەرباری ئەمەش ئامادە نەبوون گۆڕانکاری لەسیستەمی حکومڕانیدا بکەن، دەستیان برد بێ پیرۆزترین دەسەڵاتی خەڵکی کوردی کەدەسەڵاتی یاسادانان بوو کەبەبۆای چاودێرە سیاسیەکان گەورەترین گورزە لەشکێبی میللەتی کورد بەدەستی خۆی، تەشەنەسەندنی ئەم کێبرکێ ناشەریفانەی حیزب و مل نەدان بێ یەکترو لوتکە گرتن لەیەك فاکتەری سەرەکی تەشەنەسەندن و گۆڕتنی ئەم بارودۆخە بوو، سەرکی هەرێم لەدووەم پەیامی دوای هەرشەکان بەسەر ناوچە جێناکۆکەکان داوای خۆپیشاندان لەهاوڵاتیانی کوردی تاراوگە دەکات ئەمە دەپرسین خەڵك بەچ ڕویەکەوە لەباخچەکانی دیمەکراسی و شارستانیانەی ڕێژئاوا بژێنە سەرشەقامەکان لەکاتکدا ئەوان خوشك براکانیان لەژێر سەپاندنی پاشەکەوتی موچەو سەرکوتکردنی خۆپیشاندانەکاندا لەسەر زەدی خۆیان دەچەوسێنرێنەوە، بەڕاِستی لەگەڵ هەموو لێدوانکی ئەم حکومەتە بێپلانەدا بیرکەی نوسینی ڕێمانکی سیاسی سەرهەڵدەدات، چارەسەری بنەڕەتی دۆخی

کوردستان تەنها حکومەتێکی نیشتمانیە کەدوور بێت لەدەستێوەردانی حیزب وخاوەنی دەستورێکی نیشتمانی بەهێز بێت کەزامنی چەند بارە نەبوونەوەی شانزەی ئۆکتۆبەرو ڕوداوی هاوشێوەی ئەو کارەساتە جەرگبڕەبێت، کەکۆمەڵك سزاو بەندی تەشریعی وەهای تیادابێت کەشەڵی ناوخۆ و تێکدانی ئارامی و ئاسایشی تاك بەهەموو ڕەگەزەکانیەوە حەرام بکات، لێرەوە کاتی ئاشکراکردنی دواکاردی فریاد ڕەسی خەڵك وادەکەی زۆر نزیك بوەتەوە تەنها ماوە لەمانشێتی دەزگاکانی ڕاگەیاندندا وەك هەواڵێکی بەپەلە خێی نمایش بکات، باپێکەوە هاوکاربین بۆ ڕزگاری نیشتمانی بۆ کۆتایی هێنان بەسیستەمی خێرو پیاوەتی ئەو پیاوانەی بەباکگراوندی شەڕش وهێز کۆنترۆڵی سەرجەم کایە سیاسی و ئابوری و ئیداریەکانیان کردوە، تکایە با ئێمە قەبارەی شەڕەکانی میدیاو هێرشی ڕاگەیاندن دژی یەکتر بچوك بکەینەوەو نەبینە هاوکاری ئەو مەرامانەی لەپشت تێکدانی ئاسایشی دەرونی و کۆمەڵایەتی خەڵکەوەن.

دوو شیعری سامی شەڕش

باوەشم دە
دۆ ئەشکەوتی دەرگا بزر.
باوەشم دە..
لەچاومایە فرمێسکی کەو.
لەگیانمایە سۆزی کۆتر.
باوەشم دە..
تاقگەی قژت بۆژنە ڕووم.
با خەرمانەی نەرمی بەفر
لە شەودا بێم بۆ بە پێخەف.
باوەشم دە..
بۆ قەندیلەی فتیل کزر.
بۆ ئاسمانی دەم پۆ لە کەف.
منم هەتاو. منم ئاگر
باوەشم دە..
منم ئاگر
منم ئاگر.

• ڕۆژنامەی هاوکاری، ژمارە (52) 2/1/1970.

لە دەفتەری عاشقێکی هەتاوەوە

1
برسی برسیتی تربێ.
ئەوەند عەشقی گوڵەگەنم و باران دەبێ،
شەوگار هەر چەند درێژتربێ.
ئەوەند غەریب شەیدای خۆری ئاسمان دەبێ،
منیش هەر چەند کوشتن بە گیانم فێر دەکەن
بەری هەتاوم لێ دەگرن.
ئەوەند عەشقی ژیان دەبم.
ئەوەند هەتاوم خۆش دەوێ.
2
ئەی ئەو بنجە گوڵەی لەبەر
جێگەی خەمباری برینی منداڵی دەوێ.
لەسای مەرگی منداڵ شکۆفە دەردەکەی
تاکەی نەتوانم بلبلی عەشقخوانی دەنگی خوێنم
بێنمە سەر چێت بڵێم.
پێ بە دەنووکی ئارەزووم
بۆ هێلانەی خۆر بخوێنم.
3
– ڕۆگا .. تەور
* گیانە درەخت چەند لق و پۆپی ببڕن.
ئەوەند ڕەگ و ڕیشەی بەرەو قووڵتر دەڕوا،
– دنیا شەوە و دنیا بەفرە.
* شەوان خۆر خۆشەویست دەبێ.
بەفرە ڕۆژیش.
برین دەبێتە ئاگردان
– گیانە ڕۆگا چاڵە و نزمە
* خۆشەویستم
ئاشقی خۆر .. هەردەم دەوانێتە ئاسمان.

• ڕۆژنامەی هاوکاری، ژمارە(176) 20/7/1973.

تێبینی:
ساڵی 2004 دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس. کۆشیعری: (هەڵسانەوە)ی سامی شەشی چاپ کرد. (12) شیعری گرتبووە خۆ،

سەرەتای گەنجیم شیعرەکانی سامی شێشم لە دەفتەرێکدا بێ خێم نووسیبووەوە، هەروەها شیعری شاعیرانی تری وەك: جەلالی میرزا کەریم و ئەحمەد تاقانە و محەمەد حەمەباقی و فازیل شەوێ و جەلال بەرزنجی و شاعیرانی تریش، کە کۆشیعرە چاپکراوەکەیم بینی هەستم بە کەموکورتییەکانی کرد. تەنیا شیعری: (بووکی ئاو)م لانەبوو، ئەم باسەم لەگەڵ: (لوتفی شێش) کردەوە. ئەمیش شیعری: (بووکی ئاو)ی بێ هێنام.
داوام لە بەڕێوەبەری دەزگای ئاراس: (بەدران ئەحمەد حەبیب) کرد. بەڵێزیادکردنی (8) شیعری تر چاپی دووەمی بکاتەوە. لە ساڵی 2012 چاپی دووەمی کردەوە.
دوای چاپی دووەم بە ماوەیەکی کورت، دوو شیعری تریشیم دێزییەوە. ئەوەی وایکرد ئەو دوو شیعرەش بێاوبکەمەوە. ئەوەیە، برادەرێك لە ژمارە (4)ی گۆڤاری (باران)دا، شیعرێکی بەناونیشانی: (تیری ئایرێس) (ئامادە) کردووە و بێاوکردووەتەوە.
سەرەتای شیعرەکەی لە سەرەتای شیعری: (هەسانەوە)ی سامی شێش وەرگرتووە. (7) پەراوێزیشی بێ نووسیوە. هەر (7) پەراوێز زیادن و شتی زاندراو و باون. یەك پەراوێز پێویست بوو. ئەمیشی نەنووسیوە. پێویست بوو ئاماژە بدات، کە سەرەتای شیعرەکەی لە سەرەتای شیعری: (هەسانەوە)ی سامی شێش وەرگرتووە، دەی جا چی بووە. ئەگەر ویستی جارێکی تر لە (ئاگایی بێگەرد)دا شیعرەکەی بێاوبکاتەوە، ئەم ئاماژەیە یارمەتی (خێبوونی) و (چییەتی) نووسینی دەدات، (خێبوونی) و (چییەتی)، تێوی بەبێشتن بێ بەخشش و وەرگرتنەوەی هاوسەنگی لەدەست دراو و ئاست پێدنەوەی.

سەباح ەنجدەر
8/11/2017 هەولێر

کوردێ وریا بێ، "روسیا" چاێ هێدکێنێت!؟ … ئاشتی ئیبراهیم

ئۆفێندی

روسیا، بە پێکانی ئامانجە ئابووریی، سیاسیی و سەربازییەکانی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا مەبەستێتی ببێت بە تاکە هێز کە هەموو دژەکان لە ژێر چەتری خۆیدا کۆبکاتەوە. چاودێرانی سیاسیی پێیان وایە هێنوکە "روسیا"، پێوەندییە دیبلوماسییەکانی بە شێوەیەک پیادە کردوە کە خۆریکە دەبێتە تاکە زلهێز لە ناوچەکەدا کە سەرکەوتانی ئۆو ناوچەیەی لە فەلەکیی خۆیدا دەخولێنێتەوە و بە ئاسانی دەستی "روسیا" لە هەموو رووداوەکان، رێککەوتنەکان و گرفتەکاندا دەبینرێت.

سەرکەوتنی پێوەندییە دیبلوماسییەکانی "روسیا" لەگەڵ سەرکەوتانە بە خەرایی نییە، بەڵکو،"روسیا" خۆنەدنەوەی بە بارودۆخەکە کردوە و میدیا و هێزی ئابووریی و سەربازیی روسی بە ئۆو مەبەستە خستێت گە بە ئۆوی کاردانەوەی زیاتری هەبێت لەسەر دەستکانی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست. لە دەرئەنجامدا هێنوکە تێبینی دەکرێت کە پێوەندیی "روسیا" لەگەڵ ئیران، تورکیا و ئیسرائیل و سوریا و چەند وڵاتێکی تر باشە وە "روسیا"، دوور نییە لە داهاتویەکی نزیکدا ببێت بە ناوبژیوان لە نێوان سوریا و ئیسرائیل!

لە سەرتای هەڵگیرساندنی جەنگ تا هێنوک کە بە شەش ساڵ دەچێت، سووریا کاول بوو بە ملیۆنان خەڵکی بێتاوان بوون بە قوربانی و دەربەدەر بوون بەناو "روسیا" نەیهێشت هاوڕێ دێرینەکەی کە "ئەسەد"ە بروخێت. پلە یەکی خوازەکانی روسیا مانەوەی "ئەسەد" بوو لە دەستپێکی، وەک کەسێک کە دەستاتەکانی بەکاردهێنێت بە پارێزگاری کردن لە بەرژەوەندییەکانی "روسیا" لە ناوچەکە.

پاراستنی "ئەسەد" تەنیا پێویستی بەوە نەبوو کە "رووسیا" دژ بە "ئەمریکا" بوەستێت، بەڵکو پێکانی ئۆو مەرامە پێویستی بەوەش هەبوو کە رووسیا هەوبەشەوی چەند گروپێکی تر ببێت وەکو "ئێلنوسرە و ئێلقاعیدە وە ئۆو گروپە چەکدارە میانەوانە کە ئەمریکا یارمەتی دەدان و مەشقی سەربازیی پێ دەکردن". ئۆوە لە کاتێکدا بوو کە لە سەرتای جەنگی دژ بە "داعش" "ئەسەد" تەنیا ٢٠% تا ٢٥% لە خاکی سوریای لە ژێر دەستاتدا بوو. روسیا روخانی "ئەسەد"ی پێش تەواو بوونی جەنگی دژ بە "داعش" قبوڵ نەبوو بەهای ئۆوی لە سەرتای جەنگەوە "روسیا" لە رێگەی پاراستنی "ئەسەد" هێز و هەیمەنەی خۆی پیشانی دەوروبەر دا و بە رووخانی "ئەسەد" غروری "روسیا" دەوشا،

لەگەڵ ئەوەی کە رووناکی خۆنی "روسیا" زۆر لەوە گەورترە کە تەنیا پارێزگاری لە مانەوەی "ئەسەد" بکات و تەنیا چاوی بڕیبێتە "سوریا"!
روسیا، بە درێژایی مێژوو پلانی داشتووە بۆ بەرژەوەندیە سیاسیی، ئابووریی و سەربازیەکانی لە دنیای سێیەمدا. بۆ ئەو مەبەستە لەسەر دوو ئاست کاری کردوە، یەکەم، لەسەر ئاستی بەکارهێنانی نێتەوەکان لە رەگەی کەنتڕۆڵ کردنی جوڵانەوە سیاسییەکانیان بۆ رەگەی سەرکردەکانیان. دووەم، لە رەگەی پروپاگەندە کردن بۆ "ئایدەلۆژیایەکی فکری سیاسیی فەلسەفی" تایبەت بە پشتبەستن بە فکر و ئەزمونی "مارکس و لینین"ی، بە گروپ کردنی خەڵک و کەکردنەوەیان و دروست کردنی ئەحزابی وەکو "ئەحزابی شیوعی" وەک پارتێکی عەقائیدی و ناساندنی بە نەو پێکهاتەکانی نەو کەمەگەی دنیای سێیەم و گرتنی جێوەکە بە دەستی خۆی لە رەگەی کەنتڕۆڵ کردنی سکرتێر و کەسایەتی یەکەمی ئەحزابی شیوعی لە جیهانی سێیەمدا.

گومانی تیاددا نیە "روسیا" لە وەاتانی سەرمایەداریشدا هەوێداوە بۆ دامەزراندننی ئەحزابی شیوعی بەنام بەهەی بارودۆخی سیاسیی و ئابووریی ئەو وەاتانە و بوونی دەستەات و سیستەمیی دیموکراتی سەقامگیر، "روسیا" نەیتوانیوە سەرکەوتوو بێت لە بەکارهێنانی ئەو پارتانە بۆ بەرژەوەندیی خۆی تا ئاستی پێویست وەکو وەاتانی " ئەمریکا، ئوستڕالیا، بریتانیا" و دەیان وەاتی تر. هەروها "روسیا" سەرکەوتوو نەبووە لە دەستتێوەردان لە کاروباری ناوخۆی ئەو وەاتانەی کە توانیویانە لەسەر پێی خۆیان ڕابووەستن و خاوەن دەسەاتی سیاسیی ئابووریی سەقامگیر بن نمونە وەک "چین" و "یابان".
مەسکە، لە جیهانی سێیەمدا تا رادیەکی باش توانیویەتی بە مەرامە سیاسیی و ئابووریەکانی بگات، بەهەی باری نەلەباری ئەو میللەتانە و هەژاری و جەنگ و بوونی حاکمی دیکتاتێر و ناجێگیری سیستەمی دەسەات، زەمینە زیاتر لەبار بووە بۆ "روسیا" کە بتوانیت خۆی لە کاروباری ئەو میللەتانە هەقوتینەت و سوومەند بێت لە سامانە سروشتیەکانی ئەو وەاتانە و بەکاریانبهێنەت بۆ بەرژەوەندیەکانیان نمونەی زیندو وەک "ئەفریقا" و "رەهەاتی ناوەاست".
روسیا، بەهەی شۆنی جوگرافیا و هاوسنووری لەگەڵ رژەهەاتی ناوەاستدا و بوونی ناسەقامگیری سیاسیی و ئابووریی و بوونی شەی مەدەنیی و دەسەاتداری دیکتاتێر لەو ناوچەیەدا زەمینەیکی لەباری ڕەخساندوە بۆ روسیا کە بۆ خۆنە ئابووریی، سیاسیی و

سەربازییەکانی لەو ناوچەیەدا کاربکات و هەوەبدات دەستی بگات بە خاڵە ستراتیژییە جوگرافییەکانی ئەو ناوچەیە بە نمونە "دەریای ڕەش".

بە زیاتر لە سەدیەک دەچێت "ڕوسیا" لە ڕژهەڵاتی ناوەڕاستدا بە بەرژەوەندییەکانی یاریکەرێکی باش بووە و دەستکی باڵای هەبووە لە چاڵ هەڵکەندن بە میللەتانی ناوچەکە، تا دەگات بە هەموو ئەحزابە شیوعییەکانی ئەو ناوچەیە کە دەست و لایەنگری سەقیەت بوون و متمانەی خەیانیان پێ بەخشیبوو بەوەی کە "ڕوسیا" دژی ئیسرائیل، دژی ئیستعمار، دژی نەتەوە پەرستییە، دژی ئایین و خورافیات، دژی سەڕمایەکە دیکتاتۆرەکانی ناوچەکەیە وە بە هەڵگرتنی دروشمی بریقەداری وەک بەرەو "سۆشیالیزمی و کۆمۆنیستی و بونیاتنانی دیکتاتۆریەتی پرولیتریا" و دژ بە سەرمایەداری دا فەیوی دابوون و ئەوانیش بە گژ سەڕەک و دەسەڵاتدارە دیکتاتۆرەکاندا دەچوون، کە لە دڕێژەی نجامدا بە هەزارانیان لە ژێر ئەو دروشمەدا لە سەدارە دران و "ڕوسیا"، ئاوەڕەکیی لێنەداوە!
مەسکە، لە پەناو بەرژەوەندییەکانی، لە دنیای سیەمدا دەستکی باڵای هەبووە لە دروست کردن و بە قەبە کردن و بە جەماوەر کردنی" ئەحزابی شیوعی" بە تایبەتی لە ناوچەی ڕژهەڵاتی ناوەڕاستدا. دواتریش وەک فشار ئەو هەڵە جەماوەرییەی بەکارهێناوە بەرامبەر بە دژەکانی بە سەپاندنی مەرجە ئابووریی، سەربازیی و سیاسییەکانی، ئینجا کە ئەمەی بە چاتە سەر پشتی لەو هەڵە جەماوەرییە کردوەو بە دەستی هەمان دیکتاتۆرەکانی ناوچەکە بە قەلاچە کردنیانی داوە، وەک "حزبی شیوعی عیراقی، حزبی شیوعی میسری، حزبی شیوعی سودانی، حزبی شیوعی لیبی، حزبی تودەی ئیرانی، حزبی شیوعی لیبی حیزبی کۆمۆنیستی تورکی" بە دەیان ئەحزابی شیوعی تری وەاتانی ناوچەکە!

ڕوسیا، یاری بە چارەنووسی وەات و نەتەوەکانی تریش کردوە لە ناوچەی ڕژهەڵاتی ناوەڕاست نمونە "کوردستان"ی داگیرکراویش یەکک بووە لەو وەاتانەی کە "ڕوسیا" قسوری پێنەکردوە لە یاریکردن بە چارەنووسی بزوتنەوە سیاسییەکانی و خواستە نیشتمانیی نەتەوەییەکانی، دامرکاندن و بەرەو هەدەر بردنی شۆشەکانی. ئەزمون و مژوو پەمان دەدەن یەککوتوە کە "ڕوسیا" هەکاری سەرکی بووە لە دامرکاندنی بزوتنەوەی ڕزگاری خوازی کورد نمونە "کەماری مهاباد" و "هەڵەبجە"ی ئازاری ١٩٧٠".
هەنوکە، چاودێرانی سیاسیی لە سەر ئاستی جیهان، شرەوە سیاسییەکان پێیان وایە کە "ڕوسیا" توانیویەتی لە ڕژهەڵاتی

ناوەڕاستدا پەیوەندیە دیبلوماسییەکانی بەرەو پێشەوە ببات کە لە ئێنجامدا پێگەی بەهێز بووە وە دوای تەواو بوونی جەنگی دژ بە "داعش" هەوڵدەدا مەرجی خۆی بسەپێنێت. کە بەگومان کوردیش یەکێکە لەو نەتەوانەی کە لە ناوچەکە کە چارەنووسی دەکەوێتە ژێر دەستی "روسیا"! وە پێش وەخت "روسیا" لەگەڵ نزیارانی "پرسی کورد" دەستە!

لە دەرئێنجامدا دەردەکەوێت کە بەکارهێنانی کارتی " روسیا" و ئاماژەدان بە "ئەمریکا" لە هەڕەشەکردنی ئەو بەرێیە وەکو فشارێک بە دەستکەوت و سەپاندنی مەرج بەسەر "ئەمریکا"دا هێنوکە ئەو خوازە لە قەبارە و ئێندازەی پارتە کوردییەکاندا نییە بە تایبەتی لە باشووری وڵات، وە ئاشکرایە کە "روسیا" هێنوکە و لە ئایندەش بەرژەوەندییە ئابووریی و سەربازییەکانی لە چاوی عەبادی، ئەسەد، روحانی و ئەردوغان دا دەبینێت.

_____

سەرچاوە:

http://iiss.tandfonline.com/doi/abs/10.1080/05679327908457338#.WgOYX0lrzs0/

The Soviet union in the international system of the 1980s

Foreign relations of Russia

http://www.businessinsider.com/russia-middle-east-strategy-explained-2017-10?IR=T

https://www.bloomberg.com/news/articles/2017-10-03/putin-is-now-mr-middle-east-a-job-no-one-ever-succeeds-at

http://crhsgg-studentresources.wikispaces.umb.edu/file/view/Alzaabi%2C+NouraDemocracy+in+MENA_NouraAlzaabi.pdf

http://www.theisraelproject.org/episode_46_a_cold_war_in_a_simmering_middle_east?gclid=EAIaIQobChMIo_-X0q2w1wIVVyQrCh3iGwHUEAAYASAAEgKM-PD_BwE

میدیایەکی سەیرە گوم...!!! ... جوتیار

بۆچونێك هەیە پێی وایە كە نەوەی پێش دەیەی نەوەدەكان دەبوایە خۆی لە گەڵ میدیاو هەژموونەكەیدا بگونجاندبایە، بەڵام لە زەمەنی ئێستاماندا ڕێك پێچەوانەكەی ڕاستە؛ پێویستە میدیا خۆی لەگەڵ هەژموونی گۆڕاسیۆنی (IT) هونەری زانیاری و نەوەی نوێدا بگونجێنێت ، هەرچەندە لە كوردستاندا ئاستی پێگەیشتنی ئاراستەی میدیایی و فەزای سەربەخۆبوون و گەشەكردنی؛ پەیوەستە بە خۆ دابڕاندن لە هێڵە سیاسیەكان و ئاراستەی دەستەباتی باو ، بەڵام ئەوەی كە میدیا و ڕۆشنبیری كوردی ناتوانێت لێی دەرباز بێت ئەو ئاستە دژگماو بەجێماوەیە كە لە پانتایی هێڵەكانی ئیدیۆلۆژیا و كاریگەری ئەودیو تێوانینە سیاسیەكاندا جێدەگرێت، ئەو بونیادەی كە ڕۆژ دەدات بە میدیا و ڕۆشنبیر بۆ ئەوەی ببێت بە ئالیەتی دروستكەری ڕایگشتی و باوەڕكراو لە ناو كۆمەڵگادا تەنها پڕۆفێشناڵبوون لە ڕوی تەكنیكەوە نییە یاخود گووتار نوسین و قسەكردن نییە، بەڵكو خۆ ساخكردنەوەو دەربازبوونە لەناو هەموو ئەو پارادۆكسیزمە ئاڵۆزە (پۆلیسیاە)دا

1. ئەو ڕەوشە سیاسی و لەناكاوەی كوردستانی باشور لە دوای 16.10 وە دەرخەری ناواخنی ڕاستەقینەی تێگەیشتن و توانای ئەقڵی میدیاكارو ڕۆشنبیرانە كە نەیانتوانی تێگەیشتنیان بۆ ئەو قەیرانە سەرتاپاگیرە كە كۆمەڵگای كوردستان ڕووبەڕوی بۆتەوە بسەلمێنن، بە پێچەوانەوە ڕۆشنبیران و میدیاكاران بە دیاریكراوی دوای ئەو پێشهاتە ئاڵۆزە وەك هەر تاكێكی تۆەو بۆزار لە ناكامبوونی ئەو قۆناخە؛ هاتنە ناو ڕۆژنامەو بەردەم مایكەكان و ناو تۆەكانی سۆشیالمیدیا بۆ خۆ خاڵیكردنەوەو دامركانەوەی ڕقە هەڵوساو و پەنگخواردوەكەیان بەرامبەر نەیارە سیاسی و كۆبەرەكانیان و خراپترین جۆری خوێندنەوەو هەڵسەنگاندنیان بۆ دۆخەكە هەبوو، كە بە ڕای من كاریگەریەكی زۆر نێگاتیڤیان خستە سەر قەیرانەكە و تا ئاستی داخستن و بێهەناسەییان برد ، من ناچمە سەر ئەوەی كە بەشێكی ڕۆژنامەو كەناڵ و پەیجە ئینتەرنتیەكان تا ژڕرزەوی توشی هەرەس و داڕمانی دەروونی هاتن و لە بۆ پلانی و بۆ ڕەهەندی خۆیاندا بوون بە بەشێك لەو ململانێیە تازەیە كە لە هەناوی شكست و خیانەتێكی سیاسی كوشندەدا لە دایك بوو و وەكوو هەر قۆناخێكی تری تێكشكانی

بزوتنەوەی ناسیۆنالیزمی کوردی فەرزکرا بەسەر کۆمەڵگاو خەڵکی کوردستاندا .

ئەرکی ڕۆشنبیر یاخود میدیای ئازاد دەبێت بەر لەهەر شتێك ئەرکەکی ویژدانی و ڕاستگۆیانە بێت؛ هەڵگری پەیام و هەهندەکی ڕۆشنبێت کە ئەویش بونیادنانی ئیرادەو دروستکردنی ووشیاری سیاسی و ڕووبەڕوبونەوەی دەستەڵاتی ستەمکار و گەندەڵ ؛ هەروەها خوێندنەوەو هەڵسەنگاندن بۆ هەوشە ئاوارتەو قەیراناویەکان بەبێ مەیلگەرایی سیاسی نەوەکوو ئەوەی کە دەیبینین قوڵکردنەوەو شڕواندن و بە هەستیاریکردنی پەیوەندیە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکان لە نێوان چینە جیاوازەکاندا ، میدیاکانی لای ئێمە تا ئەو ئاستە سەرلشڕواو و بێ ئامانجن کە ئامادەن بۆ گەرمکردنی بازاڕی بەناو پڕۆفێشینالبوون و بەناو سەربەخۆبونیان دەستی هەموو کەسێك بگرن، پەنا بۆ هەر جیهەتێك ببەن کە لە بەرامبەر دژەکەیدا خیتابی حەماسی و هەجوی ئیستیفزازکەر بدات.

ئەگەر تەماشای فەلسەفەی جەدەلیەتی میدیای کوردی بکەیت زۆر ئاسان دەبینی چەندە بۆ بونیادو بۆ مەعریفەی ململانێ باکانی کولتورین ؛چەندە هەموارن بە عەقلیەتی یەکترشکاندن و ڕکاوڕکێ نمونەیەکی ڕاستەقینەی بزوتنەوە سیاسیەکەی ناسیۆنالیزمی کوردین.
لەو هەوشە بۆئامانە سیاسیەدا بەشکیان باسی پلانە نوودەوەتی و هەرمایەتیەکان دەکەن کە چۆن دیسان کورد خەنجەری خیانەتی لێدرا ودەیانەوێت پاکانەو ئەستۆپاکی بۆ بزوتنەوەی کوردایەتی بکەن ؛ بەشکیشی وەك ئەوەی هیچ ئاوگۆڕێك نەبوبێت و ڕوینەدابێت بەمان باسی هاوردەکردنی خەیارو تەماتەی ئیندۆنیسی دەکەن؛ باسی بەرهەمی ماسی و سودەکانی دەکەن؛ یاخود باسی ڕۆنالدۆ و یاریەکانی بەرشەو یاڵ؛ ئاخر ئەوە چ پەرتبوون و چ وڕانەیەکە کە میدیاو ڕۆژنامەنوسان و ڕۆشنبیرانی کوردستان تیایدا گوزەر دەکەن؛ میدیا و ڕۆشنبیران ئەوەی کە ناتوانن درکی پێبکەن تەنها حەقیقەتەو هیچیتر؛ تەنها خوێندنەوەیەکی دروستوو لۆژیکیانەیە بۆ ڕوداوەکان؛ ئەرکی هەستکردن بە حەقیقەت تەنها لەوەدا خۆی نابینێتەوە کە مرۆڤ قسە بکات، بەکو دەبێت مرۆڤ ڕاستیەکان بە قسە بێنێ ؛ قسەی نوسەرێکی ئەمانی هەیە دەڵێت(هەندێك کەس خۆر تەنها لەو کاتەدا دەبینن کە لە ژێر سێبەرێکدا دادەنیشن و پشووەدەن) ئەوە ئەو وێنە ڕاستەقینەیە کە کوردستان نیشانمان دەدات لەسەر دەستی پلاتفۆرم و پارادایمە شڕواوەکەی میدیای کوردی ؛ ئەو وێنەیە ئەوەمان پێدەڵێت کە ڕۆحیەت و دیدگای میدیایی لە کوردستان پێیەتی لە دەمارگیری

سیاسی و دەرنەچوون لە لێکاێزمی حیزبی و ئیرادەیەك کە ناتوانێت بگات بە سەبەری قەیدە جیهانیەکانیش نەوەکوو ئەوەی بتوانێت تێیانبپەڕێنێت.

2 . سۆشیال میدیاش کە دەتوانم وەکو گروپی هەرشبەری میدیایی لە کەمپەگای کوردستاندا پناسەی بکەم، لە ئێستادا دەتوانین بڵێین یەکێك لە کاریگەرترین و خراترین هێزکارە خاسەپێنەکانی تەکنەلۆژیای میدیاییە بە سەر زیهنیەتی تاك و تا ئاستێك کێ گشتی خەڵکدا؛ خەریکە بە شێوەیەك لە شێوەکان چێگایەك بۆ میدیا بیستراو و بیندراوەکان لەو پانتایەدا ناهێڵێتەوە، بەڵام ئەویش بە شێوە هەرە سکانداڵ و شێواوەکەی لە ناو ئەو فەزا ئانارخیست و ناجێگیرەی کە حیزب و سیاسی و هێششبیرەکان خوڵقاندویانە .

کراوەیی و بەرفراوانی ئەو تەڕە جاڵجاڵوکەیانە تا ئاستێك وای لە خەڵك کردوە پێویستیان بە میدیا ئاراستەکراوەکان کەمتر ببێت و وەك سەرچاوەی سەرەکی زانیاریش پشت ببەستن پێی ئەویش بە هۆکاری ئەوەی کە خراو بەردەست و فراوان و کراوەترە ،
هەرچەندە ئەو بەشەش لە میدیا بە شوەیەکی گشتی وای لە مرۆڤ کردوە بە بەهانەی ئازادی و کراوەیی سنورەکەی خێ گۆشەگیرو زیندانیببکات، وای کردوە کە مرۆڤ هەست بکات لە نێو پەیوەندیەکی بەرفراوان و بە هێزی کەمەڵایەتی و کولتوری دایە کەچی لە ڕاستیدا تەنهایەو لە ناو فەزایەکی دابراو و دەستبەسەرکراودایە، ئەو تەوژمە کە نەیتوانی بەشێك لە مرۆڤەکان بە شێوە ڕاستەقینەکەی لەگەڵ خێدا ڕابێنێت؛ بە قورسایی خێ و بە هەژمونێکی شارەوە توانی مرۆڤ لە گروپە کەمەڵایەتیە وابەستەکانەوە بگەیەنێت بە تێپکی خودگەرایی(indivdual) ێکی کوشندە بە بۆ ئەوەی خوێندنەوەیەکی دروست و تەندروستی بۆ ئەو ئامرازەی تەکنەلۆژیا هەبێت ، کەمەگای ئەمەش بەشێکی هەرە ناوازەی ئەو پارادکسیەتەیە لە تێکنەلۆژیای میدیایی کە لەژێر هەژمونی سیستەمی بە جیهانیکردن ووبەوی کراوەتەوە، بەڵام بە ستایلە هەرە خراپەکەی و بە لیبڕاڵیزمێکی پاشقەڵ و دڕنکیشتانە؛ کە بە کەمترین تێچوو لە ڕێگایەوە دەستی بەسەر سەرتاپای بیرکردنەوەو ئاکتیڤیتێتی تاکەکانیدا گرتووە.

لەو ڕێژگارەدا مرۆڤ بۆ ئەوەی بتوانێت بوونی کێلەیەك پێناسە بکات پێویستی بەوە نییە خاوەندارێتیە بیاڵژی و جەستەیەکەی ببینێت ؛ بۆ ناسینەوەی کێلەیەك لە ئێستادا پێویستیمان بەوە نیە بگەڕێنەوە بۆ یادوەری پەیوەندیە کەمەڵایەتیەکانی سیستەم و قوناخی کێلایەتی ، چونکە لە ئێستادا سەرمایەداری سیستەم و

تەکنەلۆژیایەکی پەیوەندی وەها گیرۆدەی بە بەرهەم هێناوین کە هەموومان لە ژێر کاریگەریەکەیدا بووین بە پێشکەووتوترین و گوێایەڵترین کێلە تا ئەو ئاستەی هەست بە بوونی کەسوکارو هاوڕێکانیشمان نەکەین لە دەورمان و دنیای واقیعدا.

کوردایەتی ئایندەی لە عێراقدا ... چالاک ئاغجەلێری

وەک چۆن ژیان کێکراوەی ساتەکانە ،ئاوەی دەبێتە ئەکتەر و دەق داهێژەری ئەو ساتە یەک لە دوای یەکانە بە تەنها مرۆڤکانە نەخشە ڕێگای بۆ دەکێشن و دەکرێتە دایناموی بزووتنەوامی ژیان ، هەر ساتێکی مێژوویش دەبێتە بەشێک لە ژمارەیەکی گەورەتر لەوانی پێش خۆی، هەروەها بە خۆشی بەهەمان مانتیقەوە ئەو ژمارانەی بەدواییدا دێن لە پێیوەند بە بزووتنەوامی ژیان هەمان فۆرم دەگرن، کەواتە ئێمە حەتمیەتە قابیلی گۆڕان نین و هەوڵ وەرناگرێت ، وەک ئەرکێکی داسپاوی سروشتی دەبێت بۆ دونیابینییەکی کراوەوە لە هەنگاوەکانی سبەی بەوانین مەزنی ئەمڕۆمان لە نەبێتە دەگما چونکە بۆم گەوجاندە جیا لەوەی بۆر بەشێپەلە بزووتنەوامکانی ژیان ناگرین هاوکات ئەمکی بچوک کۆشکەی ساتەکەمان بۆتاڵ بۆتاڵ دەبێت لە عیبرەت بۆ دوای خۆمان.

لە بزرکەوتەی ژیانی سیاسی میللەتانەوە بۆلای کەمەوە سەرو ١٦٠ نەتەوە بە ناسنامەی جیاوازە ئیلهامی فیکری هیگڵ لە دروست بوونی دەوڵەتی نەتەوەدا بۆ کەی ئەو ئیفرازاتانەی بۆدوای خۆیدا هێنای ئاسمانی جوگرافی سیاسیانی بە ڕەشنکردوە و بوون بە بەشێک لە کەمەڵگای گۆلانی خاوەن ئاڵا ئەمە لا کاتێکدا ١٩٦ ووڵات خاوەن کورسین لە نەتەوە یەکگرتوەکان هەرچەندە لەم ڕێکخراوە ١٩٣یان ئەندامی هەمیشەین و مافی دەنگدانیان هەیە ، هەروەها ٣ ووڵاتی وەکو(کەسۆڤە ، فەلەستین و ڤاتیکان) لە دەرەوەی ئەو مافەن و تا ئێستا بەشێک نین لەو گروپە.
لێرەدا ئەوەی جێی مەبەست و وەستانە لەسەری میللەتێکی وەکو ئەمەی کورد ئەو هەکارگەلی ئاستەنگانە چی بوون کە نەمانتوانی لە دوای

ئەو هەموو کێشمەکێشە سیاسیەی سەدەی بیست ئەم خواستە میللیە فەراهەم بکەین ، هەرچەندە هەڵکان بە گەیشتن بەو مافە ئامادەییان تەدابوو بەڵام نەکرا!! ، دیارە بە دورخستنەوەی پێشڕەوی لە دیرەکی سیاسیمان هەندەی نەیارکان بە هەکار دەزانین، ئامادەنەبوونی پێگەی سیاسی کوردی لەچوارچێوەی غیابی ناوەندی فیکرلە ئاراستەکردنەکی تەندروست بە ئەم پرسە کەمتر پێنجەی تاوانی ئاراستەکراوە، ئەمەش بەهەی هەژموونی تەنەپێاندنی شکڵی باوکایەتی بەسەر نەوەکان و خۆ بەسەر گروپ و تاکەکان ، هەروەها هەزمکردنی پرسەکە لە چوارچێوەی سەز و دوور لە تەفکرینی وورد لە گرتنەبەری هەنگاوەکانی هەوڵدان و خەبات، خاڵیی لە ستراتیژیەکی تەکمە و نەبوونی بوێری بە داشتنەوەی کاری سیاسی بە گونجان لەگەڵ سەردەمدا ئەو ئەنجامەی داوە بەدەستەوە کە ئەمڕۆ دەبینرێت.

.

هەز و پارتە سیاسیەکان بە گشتی و `قەومیەکان بەتایبەتی لە کوردستانی عێراقدا بەڵای کەمەوە لە شەستەکان بەدواوە روئیای سیاسی خۆیندنەوەکانیان لەو ئاستەدا کورتی هێنا ، ئەویش بە هەکاری نەبوونی سەرکردەی بە فکر بە دەرچون لەو خەباتە تەقلیدیە(شەشی چەکداری خاوەن ستراتیژی داخراو و تەعمیمی خەباتی گەلان و چواندنیان بە پرسی میللەتی کورد)ی ئەو ڕەوتگارە ، ئەم جارە لە خەبات و تەکەشان وەک بەشەک لە دەرهاویشتەکانی دوو جەنگی جیهانی یەکەم و دووهەم دەبینم، چونکە بە خەی ناوچەی ڕەژهەڵاتی ناوین هەی گەرمی ململانیە جیهانیەکان بوون. بەردەوامی ئەم خەباتە لە حەفتاکان و هەشتاکان بەهەمان باکگراوندی تەکەشانی شستەکانەوە درێژەی کەشا لەگەڵ هەندە گەڕانکاری ڕووکەشی کە تەنها بە تەزاڵەکی تەنک فیکر و فەلسەفەی شستەکانی داپۆشی بوو بەڵام لە بنەڕەتدا وەک درێژکراوەی هەمان میتەد هەر بەیە نەیتوانی ئەو قەناغە بەجێبهێڵێت و دیدگایەکی تر لە دونیابینی بە دەستکەوتنی مافی گەل بجوڵێنێت. کارەسات و نەهامەتیەکانی ئەو ساتە مێژوویە بەجیا لە دندەی دەوڵەتی ناوند کە بە نەخشی فاشیست بوونەوە گلابوو بە وێنەی نازیەکانی ئەڵمانی و کەمالیستەکانی تورکیا ، ئەوەی کەسەر هەزی کوردی وەکو پێرچەکردار شوێن پێی دوژمن کەوت ئاراستەیەکی لەوی باشتر نەگرت نە ئۆکات و نە ئێستاش چونکە دیدگایەک لە بنچەدا سەرچاوەکەی هاوخوێنی نەتەوە ئاراستەی بکات ق و سێنەوەی بەرامبەر بەرجەستە دەکات (ئەمە تەمەت بەخشینەوە نیە، مێژووی ناشیونالیزمی نەتەوەیی لەمە زیاتری لە بەرهەم نایەت لەکاتێکدا کورد بە خەی نموونەیەکە لە تاوان کە دەرهەقی کراوە) ، بە یە ئەم هاوکێشەیە لە نێوان ئەم دوو بەردە ئاشەدا میللەتی کردە ئەو خوانە

بە تەر بوونی ئارەزووە سیاسیە بە هزرەکانیان چونکە براوەی ئەم فەرمە بەتەنها کەمەکی بچوکن لە دەمراستی سیاسی دیکتارخواز و بەخشینەوەی ترس لە ئامانجی پەکراوی ئەو نوخبە پەپلیستەیە.

بە ئەوەی دوور نەکەوینەوە لە دوای ڕاپەڕینی ١٩٩١ەوە دروست بوونی جۆرێک لە ئیدارەدانی سەربەخۆ ، دواتر کەتایی هاتن بە دەسەڵاتی سەدام ، هەسوکەوتی هەزەکانی دەسەڵاتدار (پارتی و یەکێتی) چی دەسکەوت و فەرهەنگی سیاسی و ئیدارو ئابوریان جێکەوتەکرد تاوەکو خەڵک دەست خۆشی لە ماندوبوونەکەیان بکات!!، لەمەڕ بەدوا دەبێت دووجار هەڵوەستەبکەین یەکەم لە دەسەڵاتی ناوەند و دووهەم لە دەسەڵاتی هەرێم ، دیارە گومانی تێدا نیە هەردوو بۆڕە خاوەن یەک میتۆدی سیاسین ئەوەی مەبەست نەبێت لایان خۆشگوزەرانی خەڵکە، ئەم خواستە پەیوەندی بەو هاوکێشیەوە هەیە لە بوون و فەراهەمی ژینگەیەکی ئارام و ڕەفاهدا هوشیاری تاک گۆڕە دەکات ، لەگەیشتن بەم ئاستە ئاسایشی ئەم نوخبە سیاسیە دەکەوێتە مەترسیەوە و پێگەیان لەق دەکات، باشتیرین بژاردە بۆ ئەوان تەسلیم بوونی ئیرادەی خەڵکە بە حزب وەکو ئەوەی کە ئێستا بەتە واقیعی ڕەژ.

بە گەڕان بەدوای چارەسەردا دەبێت میتۆدی سیاسی تەواوی هێزە سیاسیەکان لە عێراقدا بە تایبەتی ئەو هێزانەی فیکری قەومی و مەزهەبی ئاراستەدەکەن بکرێنە ژێر پرسیاری جدییەوە بە فەرمەکی تر لە سیاسەت وەڕەام بدرێنەوە بە هەرچی گەیشتن بە ئارامی هاونیشتمانیان لە ووڵاتدا ، چونکە لە مێژووی دروست بوونی عێراقەوە بە شێواندنی ناسنامەی هاونیشتمانیانەوە کەوتە سەرخەت، ئەمەش بەهەی بەزەر لکاندنی چەندین نەتەوە و ئاین و مەزهەب لە قەوارەیەکی دەوڵەتیدا فەرمیان بە کەشا جیاواز لەهەر خواستەکی ئارەزوومەندانە. بەڵام ناسیونالیزمی قەومی وەک میتۆدی سیاسی و بە تەبەنیکردنی ناسنامەی حزب خەیناساند بە خەڵک ، دیارە بە خەی ئەم ئاراستەیە لە سیاسەت ڕەگ و دەرفەتکان باشتر دەڕەخسێنێت بە دژایەتیکردنی بەرامبەر ، ڕق و نەخوێندنەوەی دەرەوەی خەی بەردەوام چالاکە و کاری پێدەکرێت، ئەم فەرهەنگە لە کەششی بەردەوامدایە بە دەستەمە کردنی ئەوانی دی بە جۆرێک هەیمەنەو باڵادەستی خەی خاڵی کەتایە بە یەکلاکردنەوەی کەشکان ، هەربۆیە عێراقی نوێی بیستەکانی سەدەی ڕابردوو ئەم جۆرە ناسیونالیزمەی لە ناو کەی پێکهاتەکانی ووڵات بووە فەرهەنگی سیاسیان ، ماوەڕانی ئەو خەڵکەش زادەی ئەو دیدگا بە بەشتیە کە دەکرێت بەجێبهێدرێت.

لە جێگەی ئەم ڕەوتە سیاسیە مەرگ هەنە ئیدی کاتی ئەوەیە پێش خەمان

بـــبینین ، لـــرەدا دوو ڕێگە لەبەردەم ئـــەم خـــەڵکـــانـدایە یـــان بەردەوامیدان بەم ڕوئـــیا سیاسیە خوناوییەی کە هەیە لە کاتکدا مژووی عێراق پەمان دەڵت خاونی هەموو شتکین بەجگە لە ئـــاشتی و یەکتر قوبڵ کردن، لەبەرامبەر ئـــەم ڕاوتەدا دەکرێت نااسیونالیزمی (میللـــی یـــان لیبرالی)،(سـقیک ناشیونـالیزم)جگەی بگـــرەتەوە ، کەنسەپتی ئـــەم جۆرە بژاردە سیاسیە لە سەربنەمای هاونیشتیمانی بوون و سیستەمکی دیموکرات پگەی خەی مەحکەم دەکات، ئـــەم بەدیلە هاوەنک دەبێت بە ئـــەو شیرەی خـــەڵکی عێراق بتەواویپکهاتکانیەوە مەبەستیانە ببێت بەماست(مەبەستم خـــەڵکی سڤیلە).هەزمکردنی ئـــەم فۆرمە وەک بنتک بە سەرلەنەی ئـاشتەواییەکی کـــۆمـــەڵایەتی ، وەلائـــ بە نیشتمـــان و پەیوەنـــدیە سیاســی و کـــۆمـــەڵایەتیەکـــان جیـــاواز لە تـــەوانینی بە دوژمنـناسی بەرامبەر و دروستکردنی شەبەحی ڕەقیب . ئـــەرکی خوەندەوارکانە بە هاوکاری شـقام فشار ی مەدەنی بکەنە سەر کایەیە سیاسیەکان ئـــەم فۆرهەنگە سەربخۆن، ئاستە ئـــەرکەکە پەویستی بە ماندووبوون و لەخە بوورەییە بـــۆ ئـــامانج کەخەی لە بەختەوەری خـــەڵکدا دەبینەتەوە .

ئـــاکامی ئـــەم پرسە دەبێت سنوری فیکری سائـــید ببەزێنێت موخاتبەی سەرچەم پەکهاتەکانی عێراقی پەبکرێت ، دەست پەکی ئـــەم فۆرمە نوەیە لە سیاســـەت لەســـەر دەســـتی ڕەشنفیکـــران دەکەوێتە جـــوڵە ، نـــابێت چاوەڕوانی هەڵە قۆمی و مەزهەبیەکان بکرێت چونکە ناسیونالیزمی قۆمـی بە خەی هەنـاوی بـازاری سیاسـەتیانە بە تەپڵەبـووونی ئـــەم فەلسەفەیە و بازدان بەسەریدا ئـــەوانیش کارکەنار دەکەون، ، ئـــیدی کوردایەتی بە پاراستنی تاکی کورد سەرەڕای کەوێت بە هاوبەشی لەگەڵ کەی پەکهاتەکان لە ئـــەرک و مافەکانی ووەاتدا هاوبەش دەبن و لەسەر هەموویانەوە خەشەویستی جگە بە قین لەق دەکات.

کـورد و هیلالـی شیعـی ... دژشـاد تاقانه

هاوکێشەیەکی نابەرابەر و پڕ مەترسی، تاەموکە لەنەوان ژیان و مردن، تای تەرازوو هەرگیز پای ناداتەوە! لەوانەیە لەنوسینەکەم

سەرسامیەک گرتبی ئەوە چیە و چی ڕووەدا؟ نوسەرانە هەندەک دەتهینم و دەتبەم ئەوجا لەکۆتایی کارکی باسەکەت دەدەمێ.
شیعە..
جۆر یا شێوازێکی ئاینگەرا لەناو ئاینی ئیسلام حەشاردراوە، قوماتێکی ئیسلامیانەی هەیە بەنام لەئاستیدا سەربەخۆیە، پڕەو و ناوەندی بڵیاری هەیە، دەکرێ بڕی فارسەکان دژی ئیسلامی عەرەبی دایان هێناوە خۆیان ناوەندی بڵیارەکەن.
فتوحاتی ئیسلامی..
کەووی لەوڵاتی فارس کرد لەبەرئەوەی لێ گەیشتن نزیکە، زۆر و خشڵی زۆرە کیسڵا بێ دەوڵەمەند بوون، ئاینەکەیان زەردەشتی سروشتپارێز و جوتیارانەیە خواستی گرتن و ئاو ڕوتیان نیە بەخاکەوە بەندن! لەولایە ڕۆمانەکان دیانی شەکار و بەرز و بەهێزن پێیان ناوترین، لەولا ئەفریکای لەبرسان مردی و ژن ناشیرینە بەحۆریە بەڕۆنیەکانی بەهەشت ناچن لەکاتی دەسکەوتی شەڕ!
کورد لەفتوحات..
لەسەرەتاوە تۆتڵی چونکە پارچە پارچە و نەهاتن بەهانای یەکترەوە. ئاسان شکێندران یەک لەدوای یەک چونکە هەرئاغە و میرە لەئاشەکی لێ دەکا وەکو ئێستا یەک زۆرینە چاوحیز و کەمینە ئاسان لەناو دەبرێن.
فارس لەفتوحاتەکە..
بەعەرەبیان دەگۆت: ئەسپێ خۆرەکانی بیابان. سەرۆای شکان و خۆبەدەستەوەدان لەبەر خیانەتی ناوەخێ بەنام بڵیاریان دا هەربەئاینەکەی خۆیان عەرەبەکان بشکێنن شکانەکی مژووی دووکەرت و چەند کەرتیان بکەن، وابوو ئاینگەرای شیعەیان داهێنا و پەرەپێدا.
کورد و شیعە..
ئەوێ کورد لەهەرچوار پارچەکەی لەبەردەستی ئێرانی شیعە، وەک سونیەکی گەمژە تەراتێنی پێدەکرێ، لەژهەڵات دەمێکە خەساوە تەنانەت جووتیشی پێناکرێ. لەباشور و ڕۆژئاوا سەرەتاتکەیانە بەنام ئاسان قەیان لێ دەبێ چونکە بەشەکیان دەستەمێ و بەشەکیان نەزان و ئاغاچین دەکرێ ببیە ئاغایان. لەڕۆژئاوا ئازا و دێن بەنام ئەسەد لەخوارەوە و تورکیا لەسەرەوە، حەشدیش لەعێراقەوە دەیانخنکێنن.
شەڕ چەک دەیکا..
ئەو سەردەمەی تەقەمەنی پەیدا بوو واتە تفەنگ و دەمانچە یاسای شەمشێربازیان شکاند، مەرجی قارەمانی و مەردەکوژی، یاساکانی شەڕ گۆڕا بوو بەشێوازی حیزەکوژی لەدوورەوە و لەناکاو بێ ئاگاداری سوارانە. ئینجا ئێستا کورد بەچەکە کۆنەکانی ڕوسی وەک کلاشینکۆف و دشکا بەرامبەر بەچەکە نوێکانی شیعە کە لەئەمریکای وەردەگری لەڕۆی عەبادی وەک تانکی ئەبڕامز و فڕۆکەی 16 بگومان دڕێاوە!

کوردی سونە..
نازانم کورد بە سونەیە؟ خەڕەکەی لەچ دایە؟ لەمە بەکر و عومەر و عوسمان و جیاوازی چیە؟ وەک بڕی: حەرەس قەومی و بەعسی و داعش یان عەلی کەدەکاتە حەشدی شەعبی! هەرهەمووی جاشکی یەک ماکەرن، جا ئەگەر شیعەباین لەوانەیە باشتربا.
پاشایەتی کورد..
هەمیشە کورد دژی پاشایەتی لەفارس ستاندیە لەبەر بیرنەکردنەوە و ئازایەتی بەرام هەمیشەیش لەووی سیاسی دژاوە چونکە یەکگیر و خودان ناوەندی بڕیار و خاوەن پەیام نیە زیاتر لەدووکەوتەی ئاغاخوازە تا بەرژەوەی ببا و خزمەتی جوتیارەکی شەکەتی بێ پلان و بەرنامەی کاتە، هەروەک ئێستا زۆردەڵێ بەرام کەم دەکا!
شیعەی پاشا بەزێن..
سەردەمی گەشەکردنی زانستی ئەسفەهان شیعە ئاخوندەکان پلانیان گێڕا بەهاوکاری سەلجووقە تورکەکان پاشایەتی فارسیان ڕووخاند دەروازەکانی قەڵای شاریان لێ کردنەوە کاتێک پاشا لەدەرەوە خەریکی بەرگری و شەڕ بوو. تا مژوو خۆی چەندبارە کردەوە لەسەدەی بیستیش پاشای ئێرانیان ڕوخاند و جمهوری ئیسلامی شیعەیان ڕاگەیاند.
تورک و کورد..
دوو نەتەوەی دژانگیر بەرام چونکە تورک هاش و هوژی زۆرە و کەرمیللەتە دەکرێ کورد پێی بوێری بەرام ساویلکەیی کورد و ئاینگەرای سونەیی جارەکی دی ژێردەستی دەکاتەوە، شەڕی ئەرمانیان پێکردن ئێستاش شەڕی داعش لەدواقۆناغ کوردی باشوریان هەرپەسارد، بەشێرە مل چێرە بەزیوەکەی سوریاش ڕۆژئاوا کاول دەکەن بەسەر کوردا بەهاوکاری ورچە سپیەکەی ڕوسیا ئێستا حیزەبخۆیی هاتیتە پێتێ.
ئیسلامی ئێران و کورد..
دوژمنایەتیەکی دووتایە لەلایەک وەک فارسێک ڕکابەر و خاپێنەرە لەلایەکیش شیعەی کورد بەزێن و سونی تێنە. هەردووکیشی لێ کورد هێکاری قڵان هێنە، هەموو میرنشین و دەوڵەتێکی کوردی فارس ڕوخاندیتی یا لێ تورکانی بەجێ هێشتیە بیڕوخێنن.
هیلالی شیعی..
بریتیە لەکەوانەی ئێران ـ سوریا ـ لوبنان بەدەوری ئیسرائیل دا. واتە گواستنەوەی مەیدانی شەڕ لەناو ئێرانی فارسی لێ وڵاتانی عەرەبی کەرخاسیەت. لەو نێوە کورد پێخوستی ئەو هیلالەیە کە نەدەبتە مانگی تابان و نەئاوادەبی!

□

مێروولـــەو کرمەلـــووڵـپـچەکە … نوسینی/وجدان عبدالعباس

وەرگـــانی لەعەرەبییەوە{فەرهاد ئەحمەد بەرزنجی} ….

نـم نـم بـاران دەبـاری، مـێروولەیەك نـایلـۆنـکی پـێلـەشەکروگە نمـی دابووبەکـــیدا،لەپەنادارێکدا وەستاو
چاوەڕوانیکردبـاران خـۆشبکاتەوە.لەوکـاتەداکرمەلـووڵـپـچەکەبەسواری ماتـۆرسکیلە ئاگراویـیەکەیەوە بەوەداتـپەڕی،وەستاولـێپرسی بـکوێ دەچیت؟؟؟
مـێروولەکە ڕووی تـێکردو وتی"دەگـــمەوە بـماڵـەوە ،ئـــگەشم دووڕە" کرمەلـووڵـپـچەکە پـێکەنی و وتی:بەم بارە قورسەوە ئـــیشتنە خاوەتەوە بـسـبەینـێ یـان دووسـبەی دەگەیتـەوە ماڵـەوە،پاشـان مـێروولەکـەی ســـوارکردولەگـەڵ نـــایلـۆنە پـێلـەشەکروگەنمەکەی،زۆربەخـۆرایـــی گەیاندییەوە ماڵـەکەی،مـێروولەکەش زۆرسوپاسیکرد.
ئینجـاکرمەکە هەســتی بەدڵـگرانـــی کرد،چونکەلەســەرەتادا گاڵـتەی بەمـێروولەکەکردبـــووبەوەی کەبـــاری قورســـەوخاووخلیچکە،لەدڵی خـۆیداوتی:دەبوایەگاڵـتەم پـێنەکردایە بەکـوئارام ولەسەرخـۆبوومایە، چونکە(ئەگەرچاکەلەگەڵ هەرکەسـێك بکەیت،وا باشەسەرکـۆنەی نەکەیت).

ئەم چیـرۆکەلەژمارە(84)ی گـۆڤاری {گـوڵـەکان}بـڵاوکراوەتەوە.